# قەیرانی ڕەوایەتی بە سیستمە سیاسییەکان: هەرێمی کوردستان وەک نموونە

**د. بارزان جوهر صادق***

وشە کلیلییەکان: ڕەوایەتی، قەیرانی ڕەوایەتی، سیستمە سیاسییەکان، دەسەڵات، هەرێمی کوردستان.
https://doi.org/10.31271/jopss.10131

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی دروستبوونی سیستمە سیاسییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و پاراستنی کۆمەڵگەیە. لەهەمان کات، هیچ سیستمێکی سیاسی نیە ڕووبەڕووی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی نەبێتەوە، بەڵام ئەمە لەسیستمێک بۆ یەکێکی تر و لەکاتێک بۆ کاتێکی تر بەگوێرەی جۆری قەیرانەکان و بارودۆخی ئەدای سیستمەکە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەگۆڕێت. چەندین فاکتەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دروستبوونی قەیرانەکانی ڕەوایەتی سیاسی وەک شکاندنی پەیمانی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵک و دەسەڵات بەهۆی لاوازی و خراپی ئەدای دامەزراوەکان کە دەبێتە هۆکاری بێکاری و خراپی خزمەتگوازاری، نایەکسانی، ناداپەروەری، گەندەڵی و بێزاری خەڵک لە شکستی حوکمڕانێتی کە پرسیار لەسەر ڕەوایەتی دەسەڵاتەکە دروست دەکات و خەڵک لایەنی حوکمڕان ڕەتدەکاتەوە و بەمەش نارەزایەتی و خۆپێشاندان و ڕاپەرین و شۆڕش دێتەکایەوە بۆ گۆڕینی سیستمەکە. توێژەر دوای شیکاریی زانستی و تیۆری بۆ چۆنیەتی دروستبوونی قەیرانی ڕەوایەتی بە سیستمە سیاسییەکان، هەرێمی کوردستانی وەکو یەکێک لە نموونەکانی سیستمی سیاسی وەرگرتووە و هەوڵیداوە وەڵامی ئەو پرسیارەی دەست بکەوێت کە ئایا سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان توشی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی هاتووە؟ خستنەڕووی نیشانەکان و هۆکارە سەرەکییەکانی پشت دروستبوونی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان چەقی لێکۆڵینەوەکەیەتی.

**ملخص**

**أزمة شرعية الأنظمة السياسية؛ إقليم كوردستان نموذجاً**

إن الهدف الرئيسي للأنظمة السياسية هو التعامل مع الأزمات وحماية المجتمع والحفاظ عليهما. وفي الوقت نفسه، لا يوجد نظام سياسي لا يواجه أزمة الشرعية سياسية، ويختلف من نظام إلى آخر ومن وقت إلى آخر وفقاً لنوع الأزمة وأداء النظام على المستويين الداخلي والخارجي. وتلعب عدة

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان- زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر arzan.sadq@su.edu.krd

عوامل دوراً كبيراً في خلق أزمات الشرعية السياسية منها إضمحلال العهود وكسر العقد الاجتماعي بين الشعب والسلطة بسبب ضعف وسوء أداء المؤسسات مما يسبب البطالة وسوء الخدمات وعدم المساواة والظلم وتفشي الفساد. والشعب يرفض السلطة ويقوم بالمظاهرة ضدها وينتفض من أجل التغير. وبعد التحليل العلمي والنظري لكيفية ظهور أزمة الشرعية السياسية للأنظمة السياسية، اتخذ الباحث إقليم كوردستان أحد نماذج الأنظمة السياسية وحاول الإجابة على سؤال هل النظام السياسي في إقليم كوردستان يعاني من أزمة الشرعية السياسية؟ وتشكل المؤشرات والأسباب الرئيسية وراء أزمة الشرعية السياسية في النظام السياسي للإقليم محور بحثه.

**Abstract**

**Legitimacy Crisis in Political Systems; Kurdistan Region as a Sample**

The main purpose of political systems is to deal with crises and protect the society. At the same time, there is no political system that does not face crisis of political legitimacy, but this varies from system to system and from time to time according to the types of crises and the performance of the system at the domestic and foreign levels. Several factors play the major role in the political legitimacy crisis, such as withdrawal from the social contract between the people and the authorities due to the weakness and poor performance of institutions, causing unemployment, poor services, inequality, injustice and corruption. As a consequence, this leads to protests, demonstrations, uprisings and revolutions to change the system. After scientific and theoretical analysis of how the crisis of legitimacy of political systems breakup, the researcher worked on the Kurdistan Region as a case study and tried to answer the following question; Has the political system of Kurdistan Region faced political legitimacy crisis? The challenges and main reasons behind the crisis of political legitimacy in the Kurdistan Region's political system are the focus of this research.

## ١- پێشەکی

هەروەکو چۆن ڕەوایەتپێدانی سیاسی (شەرعیەتی سیاسی) فاکتەری هاتنەکایەوەی دەسەڵاتێک یان سیستمێکی سیاسییە، بەهەمان شێوە دروستبوونی قەیرانی ڕەوایەتی دەبێتە دەسپێکی لاوازبوون و دواتر ڕوخان و گۆڕینی سیستمەکە و هاتنەکایەوەی دەسەڵاتێکی تر. ئەم پرۆسەیە مەرج نیە تەنها بەتوندوتیژی و هێزی ڕەق بێت، بەڵکو لەپرۆسەی دیمۆکراسیشدا، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەهۆی ڕەوایەتپێدانی خەڵک بەو پارت و لایەنەی ئارەزووی دەکەن بچێتە دەسەڵات، ئەنجام دەدرێت و ڕەوایەتی لەلایەنی حوکمڕان وەردەگیرێتەوە و هەل بە پارتێکی تر دەدرێـت کە قەیرانەکان چارەسەر بکات. بۆیە گرنگە ئێمە سەرەتا وەکو بەرچاوڕوونی بزانین کە مانای ڕەوایەتی سیاسی لەرووی چەمک و زاراوە و سەرچاوەو ئەرکەکانی چین و لەگەڵ ئەوەشدا چۆن سیستمێکی سیاسی گیرۆدەی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی دەبێت؟ ئینجا لەبەشێکی تری توێژینەوەکە، شرۆڤەی ڕەوایەتی شۆڕگێڕی و چۆنیەتی گۆڕینی بۆ ڕەوایەتی یاسایی لەهەرێمی کوردستان کراوە و دواتر بەقوڵی باسی نیشانە و هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان کراوە.

سیستمی سیاسی لەسەرەتاوە ئومێدێکی زۆر لەلای هاوڵاتیان دروست دەکات بەوەی کە سیستمەکە ئاسایش و ئارامی و خزمەتگوزاری پێشکەوتن دێنێتەکایەوە و کۆمەڵگا لەقەیرانەکانی پێشتر ڕزگار دەکات. بەڵام سروشتییە کە سیستمەکە دەچێتە قۆناغی ئەداوە، توشی کێشە دەبێت. هەندێک لەکێشەکان خۆڕسکن و پەیوەندی بە توانای دەزگاکانەوە نیە، بەڵام هەندێک سیاسەتی سیستمەکە دەستکردە و پەیوەندی بە ئەجێندا و بەرنامە و ئەدای بەرپرسان و دەزگاکانەوە هەیە. هەردوو فاکتەر(زیاتر دووەمیان) وردە وردە ئومێدەکە دەڕەوێنێتەوە و ئەمەش متمانەی تاکەکان بە سیستمەکە کەمدەکاتەوە. کێشەیەک و پرسیارێکی جددی کە زانستی سیاسی هێشتا سەرقاڵیەتی و بەئەنجام نەگەیشتووە ئەوەیە کە چۆن دەکرێت ڕوخسار یان ڕووی ڕاستەقینەی ئەو بێ ئومێدی و کەمبوونەوەی متمانەی سیاسی و ڕەوایەتی سیاسی بپێوین یان بە چ میکانزمێک لەرووی زانستیەوە دەکرێت بگوترێت کە ڕەوایەتی خەڵک بە سیستمی سیاسی لەو بارەدایە؟ واتە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کە دەمانەوێت بەئەنجامێکمان بگەیەنێت، دۆزینەوەی سەرەداوەکان یان ئەرگیومێنتەکانی هەڵبەزین و دابەزینی ڕەوایەتی سیاسییە. بۆ ئەمەش ئێمە هەوڵدەدەین تەنها یەک کەیس وەرگرین و بوارە تیۆرییەکەمانی لەسەر تاقی بکەینەوە.

کێشەی ئەم تایتڵەی سەرەوە کەمبوونەوەی ڕەوایەتی سیاسییە بەسیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان – عێراقە. ئەرگیومێنتەکانی کەمبوونەوەی متمانەی سیاسی و بەشداری سیاسی لەلایەک و بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتی لەڕادەبەدەری خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆچ و ...هتد، و لەبەرامبەردا بەکاربردنی سیستمی بەرخۆری (ریعی) و بوونی پاڵپشتی وڵاتانی هەرێمی (ئێران و تورکیا) و یەکگرتوویی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان (KDP & PUK) بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و داهات و وەستانەوە دژی ناڕەزایەتییەکان، جۆرێک لە بێ منتەبوونی سیاسی دروست کردووە کە سەرەڕای کەمبوونەوەی ڕەوایەتی سیاسی خەڵک بەسیستمەکە، بەڵام سیستمەکە بەردەوامی هەیە. ئەمەش چەندین پرسیار دێنێتەکایەوە کە گرنگە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین.

### ١-١- پرسیارەکانی توێژینەوەکە

ئایا سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی بۆتەوە؟ نیشانە و هۆکارە سەرەکییەکان چین؟

### ١-٢- گریمانەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە ئەم گریمانەیە تاقی دەکاتەوە: سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی بەشداری سیاسی هەڵبژاردنەکان، لاوازی متمانە و نائومێدبوونی سیاسی، بەرزبوونەوەی نارەزایەتی لەئەدای سیستمەکە و نادادپەروەری بۆتەوە و ئەمانەش قەیرانی بۆ ڕەوایەتی سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان دروست کردووە و لەداهاتوو کێشە بۆ سیستمەکە دروست دەکەن.

### ١-٣- گرنگی بابەتەکە

زانستی سیاسی وەکو زانستی پزیشکی، هەتا هۆکارەکانی سەرهەڵدان و سروشتی نەخۆشیەکە نەزانێ، ناتوانێت چارەسەرێکی حەکیمانەی قەیرانەکە بکات. هیچ بابەتێکی تری سیاسی ئەوەندەی ڕەوایەتی سیاسی زیان بە جەستەی دەوڵەت و کیانی سیاسی ناگەیەنێت، چونکە خودی هەر سیستمێک لەبەرئەنجامی پەرچەکداری سیستمی پێش خۆی هاتۆتەکایەوە کە قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی هەبووە و خەڵک سیستمەکەی پەسەند نەکردووە. سیستمی سیاسی هەرێمی کودستان بەرهەمی ڕەتکردنەوەی ڕەوایەتی سیاسی بووە بە سیستمە سیاسییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئینگلیز، سیستمی پاشایەتی عێراق و سیستمی کۆماری بەعسییەکان. سیستمەکە زادەی ڕەوایەتی شۆڕشگێڕییە، بەڵام بەهەمان سیناریۆی سیستمەکانی سیاسی دەوڵەتانی عەرەبی پێش بەهاری عەرەبی گرفتاری قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی هاتووە و گرنگە ئێمە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین و بزانین کە سیستمەکە چۆن ڕەوایەتی وەرگرتووە و بۆچی ڕوبەڕووی قەیرانی ڕەوایەتی بۆتەوە و چۆن ئەمە چارە دەکرێـت.

### ١-٤- میتۆدی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە میتۆدی تێکەڵ بەکاردێنێت چونکە لەلایەک بەمیتۆدی چۆنایەتی شیکارییەکی وەسفی بۆ بابەتەکانی بوونی ڕەوایەتی سیاسی و دامەزراوەکان دەکات و لەلایەکی ترەوە پێویستی بە داتا و زانیاری ئاماریی هەیە هەتاوەکو ئەرگیومێنتەکان بخاتەڕوو بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکان.

## ٢- دروستبوونی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی بە سیستمە سیاسییەکان

### ٢-١- زاراوە و چەمکی ڕەوایەتی سیاسی

#### ٢-١-١- زاراوە

لەرووی زاراوەوە، بەکوردی ڕەوایەتی و بە عەرەبی (الشرعية) و بە ئینگلیزی (Legitimacy) پێ دەگوترێت. لەزمانی کوردیدا ئەم زاراوەیە لەبەرامبەر (ڕەوا واتە شیان، شیاو، شایستە و قبوڵکردن) بەکارهاتووە (هەژار، ١٩٩٠ :٣٦٢)، بەمانایی کارێکی ڕەوا و گونجاو لەگەڵ داب و نەریت و لۆژیک دێت، هاوکات کە بنەماکانی یاسای سروشتی و ڕەوشتی تێدا بەدی بکرێت. لەزمانی عەرەبی، ڕەوایەتی لە شەرع وەرگیراوە کە مرادفی شەرعیە، کە ئاماژەیە بۆ شەرعی خودا بۆ عیبادەت و پابەندبوون بەو ئەحکامانەی داناوە و لەرووی فەرمانیشەوە دەبێ خەڵک پابەندی بێت (بوجواري، ٢٠١٩: ٦). هەروەها لەئاینی ئیسلام ڕەوایەتی بە بەیعەت (البيعة) ناسێنراوە و ئبن خەلدون دەڵێ (ئەو بەڵێن (عهد)ەیە کە بە سەردار (امير) دەدرێت بەو هیوایەی کە ئەم سپاردەیە بەجێ بگات کە کاروباری موسوڵمانان بەڕێوەببات (تجينى، ٢٠١٦: ٢٠) لە ئینگلیزی (Legitimacy) لەوشەی لاتینی (Legitimus) وەرگیراوە کە ڕۆمەکان وەکو هاوتای یاسا بەکاریانهێناوە (ممدوح، ٢٠٢١).

#### ٢-١-٢- چەمکی ڕەوایەتی سیاسی

فەیلەسوفانی سەردەمی کۆن زۆر گرنگیان بە بابەتی ڕەوایەتی سیاسی داوە، ئەرستۆ پێی وابوو کە حکومەت تەنها کاتێک ڕەوایەتی هەیە کە بۆ بەرژەوەندی کۆی گشتی تاکەکانی کۆمەڵگا کار بکات، نەک بۆ بەرژەوەندی خۆپەرستی فەرمانڕەواکان (ممدوح، ٢٠٢١). تا هاتنی مۆدێرنیتە، بیرۆکەی ڕەوایەتی دەسەڵاتی سیاسی لە پەراوێزی تێگەیشتن لە دەسەڵاتی سیاسیدا بوو، بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی کە لەلایەن هۆبز و لۆکەوە پەرەی پێدرا، ئەو تێڕوانینەی هێنایە ئاراوە کە دەسەڵاتی شەرعی لە کۆتاییدا وابەستەی دەستبەرداربوونێکی خۆبەخشانەیە لەلایەن تاکەکانەوە لە مافی حوکمڕانی خۆیان، بۆ ئەوەی هەڵومەرجێکی گونجاو بۆ ئەو ئازادییە ئابووریی و سیاسیانە دروست بکات (Cardini, 2019: 26). لەسەردەمی نوێدا، بۆ یەکەمجار جۆن لۆک وەکو چەمکێکی سیاسی بەکاریهێناوە بۆ شیکردنەوەی دیاردەی دەسەڵات و گەشەسەندنی سیاسی. بەلای جۆن لۆکەوە ڕەوایەتی کۆمەڵێک بەهای هاوبەشە لەنێوان خەڵک و دەسەڵات کە بەدەست هاتوون لە هەڵوێستی گەل و تاکەکان بۆ ڕەزامەندی دامەزراوەکان و پیادەکردنی دەسەڵات بەسەریاندا بەبێ بەکارهێنانی هێز بۆ ڕازیکردنیان (بوجواري، ٢٠١٩: ٨). جان جان ڕۆسۆ پێی وایە حکومەت کاتێک ڕەوایەتی هەیە ئەگەر لەسەر بنەمای "ئیرادەی گشتی خەڵکی " بێت (ممدوح، ٢٠٢١)

بەهێزترین ناساندنی ڕەوایەتی سیاسی دەتوانین بگەڕێنینەوە بۆ ماکس ویبەر (Max Weber)، بەلای ویبەرەوە سیستمی سیاسی ڕەوا بەواتای بەشداربوانی سیستمەکە (خەڵک) هەندێک بیروباوەڕیان لەلا دروست بووە کە بونی سیستمێک پێویستە بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنیان (موسوعة ستانفورد، ٢٠٢٢: ٤). بەلای ویبەرەوە ڕەوایەتی دامەزراوەکان کاتێک دروست دەبێت کە خەڵک متمانە بە عەقڵانیەتی یاساکان بۆ بوونی دامەزراوەکان بکات، ئینجا پابەندییەکان (الالتزامات)ی

دەسەڵاتی سیاسی دروست دەبێت و ڕەوایەتی پێ دەدرێت (Stanford Encyclopedia of Philosophy, 2017). هەروەها ماکس ویبەر لەپێناسەی کورت و پوختی بۆ دەوڵەت و سیستمی سیاسی دەڵێ (مۆنۆپۆڵێکی ڕەوای هێزێکە لەسەر هەرێمێك یان خەڵکێکی دیارکراو "Legitimate hegemony of force over a territory"کە زۆرینەی توێژەرە کۆن و نوییەکانی وەکو گابرێل ئەلمۆند و فرانسس فۆکۆیاماو توێژەرانی تر پشتگیری ئەم پێناسەیە دەکەن (فۆکۆیاما، ٢٠١٦). بەمانای وەگرتنی ڕەوایەتییەکە لەسەرەتاوە بۆ هێنانەکایەوەی ئاسایش و حوکمڕانیـتی باشە کە خەڵک بۆخۆی پێش مشروعیەتەکە ئەو ڕەوایەتییەی پێ دەدات بۆ ئەم ئامانجانەی سەرەوە.

چەندین پێناسە هەن کە باس لە چەمکی ڕەوایەتی دەکەن وەکو یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییە گرنگەکانی زانستی سیاسی کە ئاماژەیە بۆ ڕەزامەندی گشتی و قبوڵکردنی سیستەمی سیاسی بەو پێیەی ڕێککەوتنی خەڵکە و ملکەچبوونە بۆ دەسەڵاتێک کە لە چوارچێوەی ئەم گوێڕایەڵی و ڕەزامەندییەدا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات (ممدوح، ٢٠٢١). لەم چوارچێوەیەدا ڕەوایەتی سیاسی بەمانای پەسەندکردنی دەسەڵات دێت لەلایەن خەڵکەوە، لەسەر ئەو بەها هاوبەشەی ڕێککەوتوون لەسەری کە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوەببرێت کە بەرژەوەندی گشتی بپارێزن و زۆرینە حوکم بکات (بوجواري، ٢٠١٩: ٣٩). واتا ئاماژەیەکە بۆ ئەو پەیوەندیی و ڕێککەوتنەی کە لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمانپێکراو هەیە بۆ ڕێبازی سیاسی و هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە سیستمەکە و خەڵک دەیکەن (بوجواري، ٢٠١٩: ٦-٧). دەتوانرێت ڕەوایەتی سیاسی بە دانپێدانان و قبوڵکردنی ڕەوایەتیی ڕێساکانی تەواوی سیستمی سیاسی و بڕیارەکانی فەرمانڕەواکانیان لەلایەن خەڵکەوە وەسف بکرێت. بەم پێیە دەتوانرێت چاوەڕوانی دوو شت لەو سیستەمە سیاسیانە بکرێت کە ئاستێکی بەرچاو لە ڕەوایەتی سیاسییان هەیە. یەکەم: ئەم سیستمە سیاسییانە خۆڕاگرتر دەبن بۆ مانەوە لە قۆناغەکانی قەیران و، دووەم: دەسەڵاتداران و خەڵک بەهرەمەند دەبن لە بارودۆخێک کە پێویستە بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکان بە شێوەیەکی کاریگەر (Aragón, 2008: 1).

بەگشتی، چەمکی ڕەوایەتی ئاماژەیە بۆ بارێکی ئاسایی و دروستی لۆژیکی کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تاکەکان و کۆمەڵ و پێچەوانەی داب و نەریت و بەرژەوەندی گشتی نەبێت. ڕەوایەتی سیاسی پێدانی پەیمانێکە لەلایەن هاوڵاتیان بە دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی سیاسەت و دەوڵەت کە بتوانێت سەقامگیری و بەرژەوەندی گشتی بپارێزێ و ڕووبەڕووی قەیرانەکان بێتەوە، بۆیە هەر خودی دەستوور خۆی کۆمەڵێک ڕێسا و بنەما و داب و نەریت و دیسپلین و ڕێکاری ڕەوایە بۆ سیستمی سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. بونیادنان و بەردەوامی و مانەوەی سیستم دەوەستێتە سەر ئەدای دامەزراوەکان کە تاچەند دەتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ گۆڕانکاری نوێ و جێگای متمانەو ڕەزامەندی هاوڵاتیانی، بەکۆی گشتی ئەم پرۆسەیە دەگوترێت ڕەوایەتی سیاسی. لەم چوارچێوەیەدا ڕەوایەتی سیاسی بەمانای پەسەندکردنی دەسەڵات دێت لەلایەن خەڵکەوە، لەسەر ئەو بەها هاوبەشەی ڕێککەوتوون لەسەری کە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوەببرێت کە بەرژەوەندی گشتی بپارێزن و زۆرینە حوکم

بکات. واتا ئاماژەیەکە بۆ ئەو پەیوەندیی و ڕێککەوتنەی کە لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمانپێکراو هەیە بۆ ڕێبازی سیاسی و هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە سیستمەکە و خەڵک دەیکەن.

### ٢-٢- سەرچاوە و وەزیفەکانی ڕەوایەتی سیاسی

#### ٢-٢-١- سەرچاوەکانی ڕەوایەتی سیاسی

بەشێوەیەکی گشتی، ماکس وێبەر، سێ جۆر سەرچاوەی سەرەکی بۆ ڕەوایەتی سیاسی دەستنیشان کرد، کە وا لە خەڵک دەکات دەسەڵاتی حوکمڕان و بڕیارەکانی قبوڵ بکات، ئەوانیش یەکەمیان: ڕەوایەتی نەریتی (الشرعية التقليدية-Traditional Legitimacy) بە واتای ئەو کۆمەڵە نەریتە ئاینیی و داب و نەریتە خێڵەکیانەیە کە سەرکردایەتی سیاسی بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خەڵک دەیگرنەبەر، لەسەر بنەمای ئاین و نەریت. هەندێک لەم نەریتانە سەرەتا دەبنە جێگەی باوەڕی خەڵک بۆ ڕەوایەتی پێدان بەڵام دواتر، ڕەنگە بەهۆی زۆر هۆکارەوە باوەڕیان بەم سەرچاوەیە نەمێنێ و نموونەی ئەمەش مافی خودایی بۆ شەرعەیەتدان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەئەوروپا کە لەلایەن خەڵکەوە بۆ چەندین سەدە قبوڵکرا، بەڵام دواتر کە تاکەکان هۆشیار بوونەوە و ئەمەیان ڕەتکردووە (ممدوح، ٢٠٢١)، ئەمەش قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی دروست کرد. نموونەی سیستمی نەریتی دەسەڵات لەچەندین سەرچاوەی تر هاتووە وەکو پیاوسالاری واتە حوکمڕانی باوک بەسەر خێزان یان حوکمڕانی پیران. ئەم جۆرە سیستمە دەسەڵاتە نەریتییە هێشتا دەتوانرێت لەو کۆمەڵگایانەدا ببینرێت کە سیستمی بۆماوەیی و پاشایەتی دەسەڵات تێدا ماوەتەوە بۆ نموونە وەک لە سعودیە، مەغریب، کوێت و فۆرمەکانی دەستووریی وەک لە ئینگلتەرا، هۆڵەندا و ئیسپانیا ( Cardini, 2019: 22). بۆیە ماکس ویبەر پێی وایە ئەم هێزی داب و نەریتە کە کۆمەڵگە پابەندی حاکم دەکات، بۆماوەیی یان میراتی ڕۆڵی گرنگی هەیە، هەندێک جاریش فەرمانە ئاینییەکان (تجینی، ٢٠١٦: ٢٦). ئەم ڕەوایەتییە خاوەن تایبەتمەندییەکی پارێزگارانەیە چونکە بەشێکیان باوەڕیان وایە کە ئەو سیستمەی هەیە دەبێ بمێنێ و بپارێزرێ (دەسەڵاتی شەرعی تەقلیدی) (مرزوقي، ٢٠٢٢: ٤). بەگشتی فەلسەفەی ئەو ڕەوایەتییە نەریتییە لەسەر بنەمایەکی دیاریکراوی باوەڕبوون بە بەهێزی و پیرۆزی داب و نەریتی باو دامەزراوە و ڕەوایەتی خۆی وەردەگرێت، ئەو بیروباوەڕانە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژدەبنەوە و ڕێسای زاڵیان پێکهێناوە لەسەر خەڵک، ئەمەش زۆر جار بینومانە کە دەسەڵاتکار و سەرداری ستەمکار و دیکتاتۆری دروست کردووە، کەچی ئەندامانی کۆمەڵگا هێشتا خۆیان بەقەرزارو گوێڕایەڵی و دڵسۆزی ئەوان دادەنێن. لە دەرکردنی فەرمانەکاندا پشت بە پێگەی بۆماوەیی دەبەستێت و ئەم فەرمانانە زۆرجار گوزارشت لە خواستی کەسی فەرماندە یان سەرکردە دەکەن نەک ڕەوایەتی گەل. ئەم مۆێلەی ڕەوایەتی سیاسی، سێ شێوازی لاوەکی لەخۆدەگرێت وەکو (شێوازی باوکسالاری، خێڵەکی ودەرەبەگی) (والي، ٢٠٠٣).

دووەم: ڕەوایەتی سەرکردایەتی کاریزماتیک (الزعامة الملهمة-Charismatic Legitimacy) بەشێکی تری سەرچاوەی ڕەوایەتییە کە دەبەستنەوە بە کەسایەتی پیرۆز و لێهاتوو (ڕەوایەتی کاریزمایی) (مرزوقي، ٢٠٢٢: ٤) ئەم ڕەوایەتییە پەیوەستە بە هێز و توانای کەسێک کە پیرۆزی پێ

بەخشیوە لە کۆمەڵگە و پێیان وایە ئەمە دەتوانێت بەڕێوەیان ببات (تجینی، ٢٠١٦: ٢٦). حاکم لێرەدا خۆی سەرچاوەی ڕەوایەتییە، سەرکردە کاریزماتیکەکان هەوڵدەدەن بە پێگە کۆمەڵایەتی و کاریزماتیکیەکەیان سەرنجی خەڵک رابکێشن و کۆنترۆڵی هەموو ناوەندەکان بکەن. بڕیارە سیاسییەکانیان کەسییە نەک دامەزراوەیی و هەندێکجاریش هەردووکیانە، دارشتنی یاساو رێساکان تەنها گوزارشت لە بیرکردنەوەکانی کەسایەتی کاریزماکە دەکات، بەڵام ئەم سەرچاوەی ڕەوایەتییە هەمیشەیی نیە، لەگەڵ کۆچی دوایی ئەو سەرکردەیەدا نامێنێت و ئەمەش خزمەت بە سیستمی سیاسی ناکات، بەو پێیەی وەک سەرچاوەیەکی کاتییە بۆ ڕەوایەتی (ممدوح، ٢٠٢١، Cardini, 2019: 23). ئەم دەسەڵاتە لەسەر بنەمای دڵسۆزی ڕەها بۆ پیرۆزییەکی دیاریکراو و ناوازە دامەزراوە و پەیوەستە بە سەرکردەیەکی قارەمان و ترسناک و مێژووییەوە کە هەڵگری پەیامێکە، کە خاوەنی فەزیلەت و سیفەتێکە کە ئەندامانی کۆمەڵگا پێی سەرسامن و بە نائاسایی دەزانن و بوونی ئەو کاریزمایانە هەندێک جار بەشێوەیەک لێک دەدرێتەوە کە پشتیوانی هێزێکی باڵاتر (نەبینراو یان خودایی) هەیە، هەندێکجاریش وەک نێردەی پەروەردگاری خودایی وەسف دەکرێت. ئەمە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بە هەندێک سەرکردەی سیاسی یان نەتەوەییەوە گرێدرا، جا سەرکردەی دەوڵەتان بێت یان سەرکردەی حزبە سیاسییەکان (والی، ٢٠٠٣). بەم پێیە ڕەوایەتی دەسەڵات و سیستمی سیاسی دەبەسترێتەوە بە دەستکەوت و کردەوە سەرنج راکێشەکانی ئەم سەرکردەیە، و شکستەکەی دەبێتە هۆی ناسەقامگیری متمانەی کۆمەڵگا و دروستکردنی دۆخی ناسەقامگیری سیاسی و دواتر ململانێی سیاسی لەسەر ئاستی سیستم (والی، ٢٠٠٣). نموونەی دەسەڵاتی کاریزماتیک زۆرن لەسەردەمی کۆن و نوێدا، وەکو مۆسۆلینی، هیتلەر، ناپلیۆن کە کەسایەتی جەماوەرییان هەبوو (Cardini, 2019: 23)، هەروەها غاندی، ماندێلا، چیڤارا ...هتد.

سێیەم: ڕەوایەتی عەقڵانی – یاسایی (الشرعیة العقلانیە القانونیة- Rational-Legal Legitimacy)یيە. لە چوارچێوەی ئەم ڕەوایەتیەدا دەسەڵات لەسەر بنەمای یاساگەلێک دامەزراوە کە پشت بە دەستوور دەبەستێت و ئەمەش سیمای ڕەوایەتی پێدەبەخشێت. ئەم مۆدێلە بنەمای نالۆژیکی و ناعەقڵانی و وەهمی تێدەپەڕێنێت و وابەستەی کەسێک و نەریتێک نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای عەقڵانی و یاسایی و مەنتقی دەسەڵاتدارێتی دادەمەزرێت (ممدوح، ٢٠٢١ ، مرزوقي، ٢٠٢٢: ٤). سەرچاوەی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە کە گوێڕایەڵی ئەندامانی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای باوەڕەکەیانە کە کۆمەڵێک ڕێکار و ڕێسای گونجاو هەیە کە هەم لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە و هەم خەڵکەوە قبوڵ دەکرێن و دەسەڵات و سیستمی سیاسی لەم جۆرە دەسەڵاتەدا ڕەوایەتی خۆیان لە ڕێسا دەستووری و یاساییەکانەوە وەردەگرن و سەرچاوەی دەسەڵاتیش لە بنەڕەتدا لە سیستمێکی ڕەوا وەرگیراوە و لێرەدا بیرۆکراسی دەسەڵاتی شەرعی و عەقڵانی و یاسایی بەرجەستە دەکات (والی، ٢٠٠٣). ئەم جۆرە ڕەوایەتی سیاسی بە کۆمەڵێک یاسای ورد و ڕێسای دیاریکراو دەبەستێتەوە (Cardini, 2019: 23). چوارسەد ساڵە لیبراڵیەتی ئەوروپی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە و هەر ئەمەش بووە هۆکاری مانەوە و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕۆژئاوا (تجینی، ٢٠١٦: ٢٦).

مایکل هدسون و دەیڤید ئیستن و چەندین توێژەری تر بەهەمان شێوە و نزیک لە ماکس ویبەر

سەرچاوەکانی رەوایەتییان دابەش کردووە، بەڵام ئەم دوانە قاعیدەی ئایدۆلۆژییان بۆ سەرچاوەی رەوایەتی زیاد کردووە (تجینی، ٢٠١٦: ٢٧). دەیڤد ئیستن وەکو ویبەر سەرچاوەکانی رەوایەتی بۆ سێ بەش دابەش دەکات، یەکەم پێشەوایەتی کەسایەتی (الزعامة الشخصية)، ئایدۆلۆژیا و رەوایەتی بونیەوی (الشرعية البنيوية). بۆ ئەوەی یەکەم، مەبەست کەسایەتی پیرۆزو کاریزمایە کە بەهۆی تایبەتمەندییەکانی دەتوانێ رەوایەتی حوکمڕانێتی بەدەست بێنێت و سیستمەکە ئاراستە بکات. دووەم، ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی، ئاینی، نیشتمانی، کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێری ئیشتراکیی و ...هتد، رەوایەتی دروست دەکەن. بۆ سێیەم سەرچاوەی رەوایەتی، ئیستن مەبەستی لە بونیادی دامەزراوەکانە کە بە درێژایی کات دروست دەبن و خۆیان دەپارێزن و رەوایەتیان بەدەست هێناوە (والی، ٢٠٠٣).

هەندێکی تر سەرچاوەکانی وەکو رازیبوون (الموافقة) و کاریگەربوونی سیستمەکە و چەندین سەرچاوەی تری وەکو سەرچاوەی رەوایەتی دادەنێن (مرزوقي، ٢٠٢٢: ١٨-٢٢). بەشێکیان پێیان وای سەرچاوە و جۆرەکانی رەوایەتی سیاسی فرە جۆرن وەکو رەوایەتی دیمۆکراسی، رەوایەتی ثیۆکراسی، رەوایەتی دەستووریی و رەوایەتی شۆڕشگێری (بوجواري، ٢٠١٩: ١٤). بۆ نموونە "رەوایەتی شۆڕشگێڕانە"، کە لە شۆڕش بۆ سەربەخۆیی دێتەکایەوە، خۆی لە خۆیدا دەبێتە سەرچاوەی رەوایەتی بۆ ئەوانەی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست. هەروەها "رەوایەتی دەستوری"، بە تۆڕێکی یاسایی مەرجدار بەستراوەتەوەو سیستمی سیاسی و حوکمڕانی تێدا دیاریکراوە و رەزامەندی لەسەرە. لەهەمان کات، "رەوایەتی دیموکراسی"، کە تێیدا خەڵک دەسەڵات بە فەرمانڕەواکان دەدات سەرچاوەیەکی گرنگی رەوایەتی سیاسییە (ممدوح، ٢٠٢١).

بەهەمان شێوە کۆمەڵگە مەرجی رەوایەتی سیاسی بە سیستم بەستۆتەوە بەبوونی گەشەسەندنی سیاسی، چونکە ئەمە وادەکات کە کۆمەڵگە لە کۆمەڵگە پێشکەوتوو و پیشەسازییەکان دانەبڕێت. تویژەران پێیان وایە پێشکەوتنی وڵاتانی پیشەسازی بەهۆی سەروەری یاسا و دڵسۆزی بۆ نیشتمان و پێدانی رەوایەتیەوەیە. واتە گەشە و رەوایەتی دوو روی یەک دراون (تجينى، ٢٠١٦: ١٢). ئامانجی دروستبوونی حکومەتی مۆدێرن بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکە. رەوایەتی حکومڕانێتی مۆدێرن لەئێستادا تەنیا سەروەری نیە، رەوایەتی بەندە بە سەرکەوتنی حکومەت لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵک. هەرکات خەڵک پێی وابوو کە حکومەت لە رووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان سەرکەتوو نەبووە یان ناتوانێت خزمەتگوزاری دابین بکات، رەوایەتی لەدەست دەدات. هەربۆیە حکومەتەکان ناچارن خۆیان نوێ بکەنەوە و لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکان خۆیان بگونجێنن (Friedman, 2017).

### ٢-٢-٢- وەزیفەکانی رەوایەتی سیاسی

رەوایەتی سیاسی چەند وەزیفەیەکی سەرەکی هەیە:

یەکەم، پاساوی پێویستبوونی دەسەڵاتی سیاسی. زۆربەی زانا سیاسییەکان باسی حاڵەتی گواستنەوەیان لە دۆخی سروشتی و فەوزا کردووە بۆ دۆخی دەوڵەتی مەدەنی و راگرتنی فەواز و جەنگ. واتە لێرەدا بەکورتی یەکێک لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی سیاسی ئەوەیە کە رەوایەتیەک بۆخۆی

دروست بکات کە بوونی سیستمەکە دەتوانێ کۆمەڵگە لە نادادپەروەری و فەوزا و جەنگ و هەڕەشەکان بپارێزێ.

دووەم، سیستمی سیاسی دەبێ بتوانێ هێزێکی خۆسەپێنی هەبێت بۆ زاڵبوون بەسەر هێزەکانی تری نارەوای کۆمەڵگە یان دەرەوەی دەسەڵاتی فەرمی. لێرەدا ڕەوایەتی سیاسی بەهۆی مەشروعیەتی سیاسی دەپارێزرێت، چونکە خودی خەڵک دەنگ بە پەرلەمان دەدات و ئەوانیش یاساکان دەردەکەن و مەشروعیەتی بەڕێوەبردنی حوکم دیاری دەکەن. وەکو هۆبز دەڵێت کە خەڵک متمانەی بەخشیە حکومەت دەبێ ئەم حکومەتە بتوانێ لە هێزەکانی تری دژی بیپارێزێ. دەوڵەت ئەمە لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە ئەنجام دەدات کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەندامان و گروپەکانی نێو کۆمەڵگە فێری پابەند بوون دەکات.

سێیەم، سیستمی سیاسی بۆ ئەوەی ڕەوایەتی سیاسی هەبێت دەبێ هەست بە پابەندبوون (التزامات السیاسیة) بکات. بەشێک لە بیرمەندانی سیاسی ئاماژە بۆ ئەم ئەرکەی ڕەوایەتی سیاسی دەکەن کە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی بە ئەرکی هێنانەدی بنەما ئەخلاقییەکان و پێوەرەکانی دادپەروەری پابەند بێت بۆ ئەوەی ڕەوایەتی خۆی بپارێزێ (مرزوقي، ٢٠٢٢: ٦-١٧).

چوارەم: ڕەوایەتی سیاسی دەبێ بەردەوام لە نوێبوونەوە و خۆگونجاندن بێت لەگەڵ بارودۆخی نوێ یان ئەو قۆناغەی تێیدایە. نوێبوونەوەی ڕەوایەتی سیاسی هێزی زیاتر دەدات بە دەسەڵاتی سیاسی یان بەلایەنی کەمەوە بەردەوامی پێ دەدات و لەهەمان کات گوێڕایەڵی و ئاسانکاری حوکمڕانێتی دروست دەکات.

**٢-٣- قەیرانی ڕەوایەتی بەسیستمی سیاسی**

پەیوەندی بەهێز لەنێوان ئەم دوو گۆڕاوەدا هەیە، چونکە قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی بەهۆی کێشە (خلل) لە پێکهاتە و وەزیفەی سیستمی سیاسی دێتەکایەوە. ئەمەش لێکەوتەی زۆری دەبێت لەسەر سیستمی سیاسی، چونکە ئیدی ئینتیما و پابەندبوون و دڵسۆزی و ئەرک و فەرمانەکانی نێوان هاوڵاتی و حکومەت لاواز دەبێت یان نامێنێ، بەمەش سیستمی سیاسی بەرەو پوکانەوە دەبات و هەردوو لایەنی خەڵک و دەسەڵات لەئەنجامی ئەو پێکدادان و مامەڵە نادروستە توشی کێشە دەبن. ئەڵمۆند پێی وایە لەئەنجامی ئەم هاوکێشەی سەرەوە چەندین قەیران بۆ سیستمی سیاسی دێتەکایەوە وەکو ( قەیرانی بونیادنانی دەوڵەت، قەیرانی بونیادنانی نەتەوە، قەیرانی بەشداری سیاسی، قەیرانی دابەشکاری). ئەم قەیرانانە بەردەوام دەبن و کاریگەری لەسەر داواکاری کۆمەڵگە و ئاڵینگاری لەسەر سیستمی سیاسی دروست دەکەن لەهەردوو ژینگەی ناوەوە و دەرەوە. هۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی لەناو سیستمی سیاسی فرەچەنن. زۆربەی جار شکستی سیستمی سیاسی لە ئەرکداریەتی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دروست دەبێت، ئەمەش بەهۆی خراپی بیرۆکراسیەتی سیستمی سیاسی و ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان و گروپەکانی بەرژەوەندی دێتەکایەوە. هۆکارێکی تری ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەیی (غیاب)ی دەسەڵاتی بەهێز لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی سیاسی و پرۆسەی سیاسی کە ئەمە ڕێگەخۆشکەرە بۆ کەمبوونەوە و نەمای متمانەی سیاسی هاوڵاتی بە

دەسەڵاتی سیاسی فەرمی. زیاتریش لەمانە، ئەوەی قەیران بۆ ڕەوایەتی سیاسی بە سیستمی سیاسی دەخولقێنێ بریتییە لە فاکتەری پێشێلکردن یان دروستکردنی بڕیار و فەرمانەکان لەدەرەوەی ڕێسا و یاسا دەستوورییەکان. فاکتەرەکانی تری پەیوەندی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی بە سیستمی سیاسی زۆرن وەکو فاکتەری گەندەڵی ئابووری و کارگێڕی و سیاسی و ...هتد، کە ئەمان هەم هاوسەنگی نێوان سیستمی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی و هەم نێوانی خەڵک و دەسەڵات تێکدەدەن. لێرەدا قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی دەرگا بۆ چەندین قەیرانی تری وەکو قەیرانی ناسنامە و تکاملی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن و هتد... دەکاتەوە کە هەموویان لێکەوتەیان دەبێت لەسەر ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی سیاسی (تجینی، ٢٠١٦: ٣١-٣٢)

چەندین هۆکاری تر کاریگەریان لەسەر لاوازبوون و لەدەستدانی ڕەوایەتی سیاسی هەیە وەکو، یەکەم، قەیرانی ڕەوایەتی لە سەر بناغەی دەستووریی و دامەزراوەیی. ئەمە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم زۆرن و بەهۆی ئەوەی تاوەکو ئێستاش کاریگەری دامەزراوەی ئیستعماریی بەردەوامن و گەندەڵی زۆر هەیە. دووەم، دروستبوونی قەیرانی ڕەوایەتی بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵاتی. لەزۆربەی کۆمەڵگاکان ئەم قەیرانە دروست دەبێت، چونکە هەمیشە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێش گۆڕانی سیاسی دەکەوێت و دەسەڵات ناتوانێت بەهۆی دامەزراوە تەقلیدییەکان ئیدارەی کۆمەڵگا بدات و پێویستی بە گۆڕانە. سێیەم،کاتێک سیستمەکە بکەوێتە بەر هەڕەشە یان بەرەو هەڵدێر بڕوات و نەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ ئیدارەی کۆمەڵگا بدات. چوارەم، کاتێک سیستمی سیاسی پێچەوانەی بەهاو بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی کار بکات (والي، ٢٠٠٣). هەندێک جاریش نوخبە دەسەڵاتدارەکان بەبێ پشتیوانی سەرچاوەکانی ڕەوایەتی دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن، دواتر بە تێپەڕبوونی کات ڕەوایەتی خۆیان بەدەستدەهێنن، پێچەوانەکەشی ڕاستە، هەندێک دەسەڵاتدار بەشێوەیەکی ڕەوا دەست بە حوکمڕانی دەکەن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لەوانەیە ئەم ڕەوایەتییە لەدەست بدات. لێرەوە زۆربەی دەسەڵاتدارەکان، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە چۆن هاتنە سەر دەسەڵات، هەوڵی چەسپاندنی ڕەوایەتی خۆیان دەدەن، لەگەڵ ئەوەدا شکستی ئەو دەسەڵاتانە لە چەسپاندنی ڕەوایەتی خۆیان بە یەکێک لە ئاڵۆزترین و مەترسیدارترین قەیرانەکان دادەنرێت لە سیستمی سیاسی کە ناوزەد دەکرێت بە "قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی"، بۆیە قەیرانی ڕەوایەتی گەورەترین مەترسی و هەڕەشە بووە بەدرێژاریی مێژوو کە ڕووبەڕووی دەوڵەتان و سیستەمی سیاسی دەبێتەوە. ڕەگەزی ڕەوایەتی سیاسی یەکێکە لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی سەقامگیری هەر سیستمێک یان دەسەڵاتێکی سیاسی (ممدوع، ٢٠٢١).

### ٢-٣-١- قەیرانی ڕەوایەتی لەلای یورگن هابرماس

بەلای هابرماسەوە دەستەواژەی "ڕەوایەتی" ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازەی کە حکومەتێک یان سیستمێکی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات پاساو بۆ بوون و دەسەڵاتەکەی بێنێتەوە. هەموو حکومەتەکان پێویستیان بە ڕەوایەتیدان بە حوکمڕانی خۆیان هەیە، بۆ پاساوهێنانەوە بۆ مافی دەسەڵاتدارێتی وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی جەماوەریی، یان لانیکەم، ڕەزامەندی، کە بەبێ ئەوە پشتگیرییە ئەگەری داڕمانیان هەیە. هابرماس پێیوایە کەحکومەتە مۆدێرنەکان بانگەشەی ئەوە

دەکەن کە نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵک دەکەن وەک لە ئەنجامی هەڵبژاردن و دەستووره نووسراوەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. ئامانجی هابرماس لە باسکردنی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی، هەوڵدان و دەستنیشانکردنی خاڵە قەیراناوییەکانی ناو کۆمەڵگا سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان و چۆنیەتی بەردەوامبوونی دەوڵەتی مۆدێرنە هەم لە بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە قەیرانانە، هەم لە پاراستنی ڕەوایەتی سیستمی سەرمایەداریدا. هەوڵیدا پێشهاتە هاوچەرخەکان لەبەرچاو بگرێت بۆ گەشەسەندنی دەسەڵاتی دەوڵەت و دابەزینی ململانێی چینایەتی و هۆشیاری چینایەتی، بەتایبەتی لەنێو چینی کرێکاردا. هابرماس هەوڵ دەدات ئەوە ڕوون بکاتەوە کە هەرچەندە پێدەچێت سەرمایەداری پێشکەوتوو بەهێز بێت بەڵام تووشی قەیرانی بەردەوام دەبێت و لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی مەترسی لەسەر ڕەوایەتی سیستمەکە و بەمشێوەیە دەبێتە هۆی داڕمانی (Reyes, 2010: 146-147). هابرماس لەتێزەکەی دەربارەی قەیرانی ڕەوایەتی دەڵێت دوای ئەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی دامەزرا، دەسەڵاتی دەوڵەت لە چوارچێوەی سیستمی کۆمەڵایەتیدا سنووردار کرا بۆ پاراستنی بازرگانی بۆرژوازی بەپێی یاسای مەدەنی (پۆلیس و بەڕێوەبردنی دادپەروەری) و بۆ پاراستنی بازاڕ لە کاریگەرییە یاساییەکان و کۆنترۆڵکردنی پرسەکانی کەرتی گشتی وەکو پەروەردە و گواستنەوە و پەیوەندیکردن و باج و بانک و یاسای بازرگانی و ...هتد. ئەمانە هەمووی کەوتنە کۆنترۆڵی سیستمی سەرمایەداری (Habermas, 1973: 21).

بەکورتی، لە بەرهەمەکەیدا بە ناوی قەیرانی ڕەوایەتیدان (١٩٧٣)، هابرماس هۆکارەکانی ʻمەیلی قەیرانʼی لەناو کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا دەستنیشان کردووە. پێی وایە کە ئەم قەیرانانە لە ئەنجامی دژایەتییەکی بنەڕەتی لە نێوان لۆژیکی کەڵەکەبوونی سەرمایەداری و فشارە جەماوەرییەکان کە لەلایەن دیموکراسییەوە دێنە بوون، سەریان هەڵدا. کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان کە لەسەر بنەمای قازانج و بەرهەمهێنانی نایەکسانی چینایەتی دامەزراون، ئەمەش فشار دەخاتە سەر دەوڵەت بۆ فراوانکردنی بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکان لە سیستمێکی ئاوادا، تاوەکو ڕەوایەتی بە پرۆسەی دیموکراسی مسۆگەر بکرێت، کە دەبێتە هۆی چاودێری کۆمەڵایەتی، زیادبوونی بەشداریکردنی جەماوەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی. داواکارییەکانی دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ لابردنی نایەکسانییەکان بەرز دەکاتەوە، ناچاری دەکات خەرجییەکانی بۆ ڕێوشوێنی ئاسوودە و ژیانی (قازانج نەویست) زیاد بکات. ئەم فشارانە دەبێتە هۆی زیادبوونی باج و خەرجییە گشتییەکان. ئەم ناهاوسەنگیەش کێشە و قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی دروست دەکات. بەبڕوای ئەم فەیلەسوفە، کۆمەڵگای سەرمایەداری بەردەوام لەناو قەیراندا دەبێت، چونکە توانای خۆی بۆ بەردەوامبوونی خۆی لە ڕێگەی ئەو ڕەوایەتیەوە تاقی دەکاتەوە کە دەتوانێت لە ڕێگەی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی دیموکراسییەوە بەدەستی بهێنێت. دیموکراسی سەرمایەداری ناتوانێ بۆ هەمیشەیی هەم داواکاری جەماوەری بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتی و مافی خۆشگوزەرانی و هەم داواکاری ئابوورییەکی بازاڕ کە لەسەر بنەمای قازانجی تایبەت دروست دەبێ، تێر بکات. دواجاریش کاریگەری ئەم جۆرە قەیرانی ڕەوایەتییە دەبێتە هۆکاری تێکدانی یەکگرتوویی کۆمەڵگا و پێکهاتە ڕێکخراوەییەکانی سیستمی سەرمایەداری. لەم جۆرە سیناریۆیانەی قەیرانی ڕەوایەتیدان، دەوڵەتی مۆدێرن بە گوتەی هابرماس، لە یەک کاتدا پەنا بۆ

'ئاڕاستەکردنی سیستەم' و ڕێوشوێنی ئایدیۆلۆژی دەبات بۆ ڕەوایەتیدان و سەقامگیرکردنی پێکهاتە هەنوکەییەکان. ئەمەش بریتییە لە 'لێکدابڕان' یان جیابوونەوە لە ئابووری (پەیوەندییەکانی کار و سەرمایە بە مووچە) و کایە سیاسییەکان (دامەزراوەکانی حوکمڕانی)، بەو مانایەیە کە پەیوەندی نێوان کاری کرێ و سەرمایە چیتر بەشێک نیە لە کایەی سیاسی (Cardini, 2019: 25,). بەمشێوەیە، شوناسی کۆمەڵایەتی چینەکان دەشکێت و هۆشیاری چینایەتیش پارچە پارچە دەبێت و خەڵک ناچارە لەم سیستەمەی کەتیایدا سامان و دەسەڵات بەنایەکسانی دابەشکراوە، هەم بەشداربێت و هەم قوربانی (Habermas, 1973: 39). تاوەکو بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسوفە دووبارە نەکەینەوە، هەوڵدەدەین بەشێکی تری بیروڕاکانی ڕاستەوخۆ لەناو نموونەی توێژنەوەکەمان (هەرێمی کوردستان) بەڕووداوەکانەوە ببەستینەوە.

**٢-٣-٢- ڕوانگەی لوسیان پای بۆ قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی**

لوسیان پای (Lucian Pye) لەکتێبی "قەیرانەکان و ڕێککەوتنەکان لەگەشەسەندنی سیاسییدا" ڕەوایەتیپێدان گرێدەدات بە ناسنامەی نەتەوەییەوە. پێی وایە کە لەهەمان کات کێشەکانی ناسنامە و ڕەوایەتیپێدانیش گرێدراوی یەکن، چونکە ڕەوایەتیپێدان بە سیستەمی سیاسی بەستراوەتەوە بە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی سیاسی کەوا لەخەڵک دەکات بەهۆی ناسنامەکەوە ڕەوایەتی بدات بەهەموو فۆڕمەکانی دەسەڵات و دامەزراوەکان، بەڵام بەبڕوای پای پێچەوانەکەشی ڕاستە کە لەوانیە خەڵک بەهۆی ڕەوایەتیپێدانی دەسەڵاتەوە، گەشە بەناسنامەی نەتەوەی بدات. بەڵام پای دان بەو ڕاستییەش دادەنێت کە جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان قەیرانی شوناس و ڕەوایەتیداندان هەیە. ڕەنگە هەندێک نەتەوە ناسنامەی تایبەتی خۆیان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا بپارێزن، بەڵام هەموو پێکهاتەکانی دەسەڵات لەلایان وەکو یەک ڕەوایەتی نەبێت، ئالێرەدا ڕەنگە ناسنامە نەتوانێ ڕەوایەتی لەخۆبگرێت و بەهۆی نایەکسانی لەحوکمڕانێتی، قەیرانی ڕەوایەتیدان دروست دەبێت. بۆیە بەلای پای، ڕەوایەتی تایبەتمەندییەکی سەرەکی و گرنگی سیستەمی سیاسییە، بە تایبەتی پەیوەستە بە ئەدای پێکهاتەی حکومەت و توانای لە سیستەمەکەدا. بەگشتی پای چوارچێوەی گەشەسەندنی سیاسی دەبەستێتەوە بەم هاوکێشەی سەرەوە کە هەرکات ڕەوایەتی سیاسی هەبوو، گەشەسەندنی سیاسی زیاتر دەبێت (Pye, 1971: 135).

بەکورتی، قەیرانی ڕەوایەتی لەلای پای "داڕوخانە لە پێکهاتەی دامەزراوەیی و ئەدای حکومەتێکی دیاریکراو، کە لە ئەنجامی ناکۆکییەکان لەسەر گرنگی و پێویستی و گونجاوی سروشتی دەسەڵات لە سیستەمی سیاسیدا هاتۆتەکایەوە. بناغەی ئەو قەیرانە لە ڕەوایەتی سیاسی بە بڕوای پای بەهۆی پێکدادان لە ئایدۆلۆژیا و بۆچوونی لایەنە جیاوازەکان سەبارەت بەو پەیمان و ڕێککەوتنەی هەبووە بۆ ئەدای حکومەت دێتەکایەوە کە خەڵک ترسی هەیە ئەم دەسەڵاتە کاریگەری خراپی لەسەر ئەدای حکومەت لەداهاتوو دەبێت (ممدوع، ٢٠٢١) ودڵنیایی لە داهاتووی سیاسی وسەقامگیری سیاسی نیە.

## ٣- دروستبوونی قەیرانی ڕەوایەتی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان

### ٣-١- گواستنەوەی ڕەوایەتی شۆڕشگێری بۆ ڕەوایەتی یاسایی

ئەم دوو جۆرەی ڕەوایەتی (شۆڕشگێری و یاسایی) هەرچەندە لێکتر جیاوازن، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێت کە دوو قۆناغی یەک بەدوای یەکی تەواوکاریین. لەڕەوایەتی شۆڕشگێڕیدا کۆمەڵێک لەتاکەکان و گروپەکانی ناو کۆمەڵگە هەموو یاسا و ڕێسایەکی ئەو ڕژێمە سیاسییەی حوکمڕانێتیان دەکات ڕەتدەکەنەوە، چونکە پێیان وایە دژی پرەنسیپەکانی مافی سروشتی و مافی مرۆڤ و بەها نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و کولتوورییەکانی ئەوانە و دەبێ سەرتاپا بگۆڕدرێت. لێرەدا خەڵک پشتگیری دورشم و بیروڕاکانی ئەم شۆڕشگێڕانە دەکات و ڕەوایەتییان پێ دەدات. چەندین نموونەی ئەم گواستنەوەیە هەن، شۆڕشی بەریتانییەکان بۆ هەوڵی ڕزگارکردنی دامەزراوەکانیان لەدەستی دەسەڵاتدارانی شانشین بۆ دەستی پەرلەمان و ئەمە هەر لەسەردەمی مەگناکارتا (١٢١٥) بەردەوام بوو هەتاوەکو ساڵی (١٦٦٨) کە بەشۆڕشی ئازادی ناوزەد دەکرێت. هەروەها ئەمریکییەکان ڕەوایەتی شۆڕشگێڕیان پەیداکرد دژی داگیرکاری بەریتانیا و توانیان لەئەنجامی شۆڕشی (١٧٧٦) ئازاد بن و دواتر لەڕێگەی دانانی دەستوور و دروستکردنی دامەزراوەکان وایانکرد کە خەڵک ڕەوایەتی بەدامەزراوەکان بدات، هەروەها شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩) باشترین نموونەیەی ئەمەیە. لەنموونە نوێیەکانیش هەرێمی کوردستان دیارترین نموونەی ئەم گواستنەوەیە کە لەخوارەوە باسی دەکەین. بەڵام مەرج نیە لەقۆناغی گواستنەوەکەدا سەقامگیری دروست بێت یان ئەو دامەزراوانەی زادەی شۆڕش و گۆڕانکارین وەکو خۆیان بەردەوام بن تا ماوەیەکی دوورودرێژ، وەکو لە ئەمریکا و بەریتانیا درێژەی کێشاوە. دیارترین نموونە نەرێنییەکانی گواستنەوەی شۆڕشگێڕی بۆ دەوڵەتی دامەزراوەیی و دواتر دیسانەوە شۆڕشکردن و پشێوی سیاسی بریتییە لە بەشێک لە وڵاتە عەرەبییەکان لە پێش و دوای بەهاری عەرەبی. بۆ ڕزگاربوون لەدەستی داگیرکاری ئەم وڵاتانە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە شۆڕشیان کرد، بەڵام ئەم ڕەوایەتی دامەزراوەییەی دروستیان کرد تەنها بە ڕووکار بوو و نەک دامەزراوەی سەربەخۆ و خاوەن هێزی یاسایی، بۆیە بەهاری عەرەبی پەرچەکردارێک بوو بۆ لابردنی ئەو ماسکە لەسەر ڕووی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان لەلایەن شۆڕشگێڕەکان و کۆتاییهێنان بە مۆنۆپۆڵی بەردەوامی حوکمڕانێتی شۆڕشگێڕەکان لەدوای بەهاری عەرەبی. هێشتا ئەم پرۆسەیە کۆتایی نەهاتووە و ئەم وڵاتانە لە قەیرانی ڕەوایەتی دەژین.

#### ٣-١-١- ڕەوایەتی شۆڕشگێڕیی لەهەرێمی کوردستان

کورد لە عێراق بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتەکە خەباتی کرد بۆ خۆبەڕێوەبەری و دژایەتی داگیرکاری و چەوساندنەوە. ئەم خەباتە بووە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ڕەوایەتی شۆڕشگێڕیی بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و ئەم ڕەوایەتییە شۆڕگێڕییە تاوەکو ئێستا پارێزگاری لەم دەسەڵاتدارانە کردووە. لەڕاستیدا ئەمە لەڕووی کردارییەوە دوابەدوای یەکەمین جەنگی کەنداو و هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢، لە ڕەوایەتی سیاسی شۆڕشگێڕانە گوازرایەوە بۆ ڕەوایەتی دیموکراسی، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەردوو پارتی براوەی هەڵبژاردن (پارتی دیموکراتی

کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دەسەڵاتی فەرمییان پێکهێنا، بۆیە لەدەسەڵات مانەوە بەهۆی هەردوو ڕەوایەتییەکە و ئەمە کاریگەری هەبووە لەسەر مانەوەی نەوەی دووەم و سێیەمی هەردوو بنەماڵەکە لە سەرکردایەتی دەسەڵاتدا (Wahab, 2023). هەردوو لایەنی سیاسی باوەڕێکی بەهێزیان بە ڕەوایەتی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵاتەکەیان هەیە کە پێیان وایە ئەمەیان لە ڕێگەی مێژوویێکی درێژی شەڕی گەریلایانەوە بەدەستیان هێناوە، کەبەهۆیەوە دەستیان گرتووە بەسەر دەسەڵاتی ئابووری و کەڵەکەکردنی سامان، کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی توندوتیژی، و سەربەخۆییەکی زیاتریان بەخۆداوە بۆ نوێنەرایەتیکردنی گەل (Aziz and Veen, 2023: 18). دواتر چەندین هۆکار یەک بەدوای یەک بوونە هۆی لەدەستدانی ڕەوایەتی سیاسی و کاڵبوونەوەی ڕەوایەتی شۆڕشگێڕی، وەکو بەردەوامیدان بە ڕەوایەتی شۆڕشگێڕی لەناو دامەزراوە یاساییەکان کە مەترسییەکی گەورەیە لەبەردەم ڕەوایەتی دامەزراوەکان و بێ ئومێدبوونی خەڵک لە شۆڕشگێڕەکان. لەلایەکی ترەوە، گەندەڵی بەهەموو جۆرەکانی ئابووری، سیاسی، کارگێڕی یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی لەدەستدانی ڕەوایەتی بەڵام ئەمەش لەلایەن شۆڕگێڕەکانەوە پەردەپۆش دەکرێت، بۆیە وەکو تۆڕێکی ترسناک بە کۆمەڵگا بڵاوبۆتەوە و بەکولتوور بووە. هەندێک فاکتەری دەرەکی ڕۆڵیان لەم بابەتە هەبووە، چونکە هەر لەسەرەتاوە دەستتێوەردانی دەرەکی هۆکارێک بوو بۆ شەڕی ناوخۆ و لاوازکردن و راگرتنی هەرێم لەبەهێزبوون هەتاوەکو قۆناغی نوێ کە ئێستا کار لەسەر ناشرینکردنی شۆڕشگێڕەکان لەبەرچاوی یەکتر دەکەن لەرێگەی بەکارهێنانی ناو و ناتۆرە و دروستکردنی کورتە ڤیدیۆ و فۆتۆشۆپ و چەندین ئامرازی تر کە وایان لەخەڵک گەیاندووە هەموو بەرپرسان و شۆڕشگێڕەکان دز و گەندەڵ و خۆفرۆش و ...هتد. بەهۆی نەبوونی چاودێری لەسەر تۆڕەکانی پەیوەندی و سۆشیال میدیا بەتایبەت، هەروەها ململانێی توندی سەرکردە شۆڕشگێڕەکان لەگەڵ یەکتری و بەکارهێنانی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان بۆ ناشرینکردنی یەکتر، هەموو ئەمانە هەڕەشەن لەسەر ڕەوایەتی شۆڕشگێڕی و دامەزراوەیی لەهەرێمی کوردستان.

زۆربەی شۆڕشگێڕەکان هاتنە ناو دەزگاکانی فەرمی و دامەزراوەکانیان بەدەستەوە گرت. لێرەدا شکستهێنانی سیاسەتی حکومەت و لاوازی دامەزراوەکان لەسەر دەستی ئەم شۆڕگێڕانە هۆکارێکی تری بەردەم کەمبوونەوەی ڕەوایەتی شۆڕشگێڕی و دامەزراوەییە. بۆ نموونە لەسەروبەندی قەیرانی مووچە و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان بێزاری خەڵک گەیشتە ئاستی حاشاکردن لە کوردبوون و دابەزینی هەستی نەتەوایەتی و بێ هیوابوون لە توانای دامەزراوە حکومییەکان. دواتریش خیانەتی نیشتمانی لەلایەن بەشێک لەسەرکردە کوردەکان لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژووی سیاسی کورد بەردەوام فاکتەرێکی بەهێزی بووە بۆ ڕەواندنەوەی ڕەوایەتی بە شۆڕگێڕان و دامەزراوەکان. لەلایەکی ترەوە، بەردەوامبوونی خاوەن پێگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پێشوتر کە لەگەڵ رژێمی بەعس کاریان دەکرد هۆکارێکی تری کاڵبوونەوەی ڕەوایەتی شۆڕشگێڕییە لەهەرێمی کوردستان. لەنێو تیۆری گواستنەوەی سیاسی (Theory of Political Transition) هەردوو توێژەر دارون ئەسموجلو و جەیمس روبنسون (Daron Acemoglu and James A. Robinso) جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگا نادیمۆکراتەکان لەقۆناغی گواستنەوەی سیاسی لەلایەن دەستەبژێرەکان یان

نوخبەی دەوڵەمەندەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. ئەوان هەست بەمەترسی ئەوە دەکەن کە هەرچەندە خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت شۆڕش دەکەن بۆ هێنانەدی دادپەروەری و یەکسانی، بەڵام نوخبەکان دواتر بەحوکمی بەهرە و ئەزمونی پێشوو یان ئەو هێزە مەعنەویی و ماددییەی هەیانە دەسەڵات دەگرنەوە دەست (Acemoglu, 2001: 938-963). ئەمە بەئاشکرا لەهەرێمی کوردستان رویدا. کاتێک خەڵک دەبینێ دایکی شەهیدێکی رزگاریخواز لەگەڵ دایکی جاشێک مووچەی شەهیدانە وەردەگرن یان سەرمایەدارانی هاوبەشی پێشووی حوکمەتە دکتاتۆرەکان خاوەن پرۆژە گەورەکانی وەبەرهێنانن، چۆن ڕەوایەتی بەم شۆڕشگێڕ و دامەزراوانە دەدات!

ڕاستە ڕەوایەتیدانی ناوخۆیی و پاڵپشتی جەماوەری بۆ هەموو سیستمێکی سیاسی گرنگە، بەڵام بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان یەکجار گرنگە، چونکە دانپێدانان و ڕەوایەتی نێودەوڵەتی تەواوی نیە و دەیەوێت بەرەوایەتی ناوخۆیی ئەمە دەستەبەر بکات. لەئێستادا بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەک بمێنێتەوە، ئەم نەوەیە پێویستی بە فۆرمێکی جیاواز لە حوکمڕانی هەیە و سەرچاوە کۆنەکانی ڕەوایەتی، واتە هەستی قوربانیدان و هاوپشتی نەتەوەیی، ئیتر بەس نین بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی جەماوەریی و ڕەواتی وەرگرتن. حوکمڕانی کارا و گشتگیر و ڕەوا دەتوانێت جێگەی گوتاری ترس و نادڵنیایی و هەڕەشەی دەرەکی بگرێتەوە (Palani, 2021: 3-10).

### ٣-١-٢- دروستبوونی ڕەوایەتی یاسایی

لێرەدا دەرفەت نیە باسی پرۆسێسی گواستنەوەکە وەکو ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردن و بونیادی دامەزراوەکان و هەموو یاسا و ڕێساکان بکەین کە دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ هاتنەکایەوە کە دەتوانرێت بگوترێت ئەمە خاڵێکی وەچەرخان بوو لەمێژووی سیاسی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم وەچەرخانە نەیتوانی بەکردەیی ڕەوایەتی شۆڕگێڕی بگوازێتەوە بۆ ڕەوایەتی یاسایی، بەڵکو بەهۆی چەندین هۆکارەوە کە لەناو ئەم توێژینەوەیە بەدرێژی باسمان کردووە، ڕەوایەتی شۆڕگێڕی زاڵ بووە بەسەر ڕەوایەتی یاسایی و دەرفەتی بە سەربەخۆیی و بەهێزبوونی دامەزراوەکان نەدا کە ئازادانە کاری خۆیان بکەن.

یەکێک لەفاکتەرە بەهێزەکانی دروستبوونی هەرێم وەک دەزانین بەهۆی پاڵپشتی نێودەوڵەتی و دروستبوونی ناوچەی دژە فڕین بوو، بەڵام ئەم پشتگیرییە نێودەوڵەتییە وایکرد کە هەلێک بداتە پارتە سیاسیەکانی هەرێم کە بەهێزتر بن لە دامەزراوەکان و دەست بەسەر دامەزراوەکاندا بگرن. واتە دوای ئەوەی ئەم هێزە نێودەوڵەتیانە ویستی بەکارهێنانی هێزی پیادەی ئەم پارتە سیاسیانەیان هەبوو لەدژی ڕژێمەکەی سەدام حسین و دواتر شەڕی داعش، بۆیە سەرنجیان لەسەر هەژمونداری ئەم پارتانە لەسەر دامەزراوەکانی فەرمی لەهەرێمەکە نەما (Rodgers, 2024). بۆیە هەرێمی کوردستان توشی قەیرانی گواستنەوەی ڕەوایەتی شۆڕشگێڕی بۆ ڕەوایەتی یاسایی بووە (وەیسی، ٢٠٢١: ٢٧١).

### ٣-٢- هۆکار و نیشانەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان

### ٣-٢-١- شەڕی ناوخۆ و سیستمی دوو ئیدارەیی

یەکەمین هۆکار و نیشانەی سەرهەڵدانی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ و دابەشبوونی هەرێمەکە سەریهەڵدا. لە ساڵی ١٩٩٤، کاتێک دوو ساڵ دوای دامەزراندنی هەرێمی کوردستان شەڕی ناوخۆ لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەریهەڵدا و هەموو ئەو ڕەوایەتییەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بەدەستی هێنابوو، خستە مەترسییەوە. لە کاتێکدا ڕێککەوتنی ئاشتی واشنتۆن لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ١٩٩٨ کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ هێنا، بەڵام لێکەوتەکانی تاوەکو ئێستا بەردەوامە و سیستمی حوکمڕانی ڕەنگدانەوەی خواستەکانی حزبایەتی بووە لە کاتی شەڕی ناوخۆ و دوای شەڕی ناوخۆ، ئەمەش وایکردووە جیاکردنەوەی پارتی سیاسی و دەزگای حکومەت قورس بێت ( Arif and Mokhtar, 2022: 671). لەڕاستیدا ئەو دابەشبوونە قوڵەی ئێستای هەرێمی کوردستان ڕەگەکەی بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە کە بەردەوام ڕەنگدانەوەی لەسەر ململانێکانیان هەبووە لە ڕێگەی گوتاری سیاسی، میدیا، ناکۆکی لەسەر کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکان و دامودەزگاکانی حوکمڕانی. ئەم شەڕە ناوخۆییە، دوو سیستمی ئیداری و جەمسەرگیری لە سیاسەت و کۆمەڵگاو سەرچاوەی ڕەوایەتی بۆ سەرکردە سیاسییە کۆنەکان و هەردوو پارتی دەسەڵاتدار دروستکردووە. هەر لایەنێک هێزی پێشمەرگەو چەکداری خۆی کۆنترۆڵکردووە و کێشەکە ئەوەیە کە هێزی سەربەخۆ نیە و ئەو هێزانە سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورین، ئەمەش لێکەوتەی لەسەر سێ دەیەی ڕابردووی حکومڕانێتی هەبووە و قورسە زاڵبوون بەسەریدا (Azizi and Cottey, 2021: 227-238)، ئەمەش کێشەی گەورە و بەربەستی سەرەکی بەردەم ڕەوایەتی سیاسییە لەهەرێمی کوردستان.

شەڕی ناوخۆ ناوبانگی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری لەکەدار کردو هەرێمەکەی دابەش کرد بەسەر دوو ناوچە و زۆنی جیاوازی بەڕێوەبردن و هەرچەندی هەوڵیاندا کە ڕەوایەتی بۆ سیستمەکە بگێڕنەوە، بەڵام هەم پێگەیان و ڕەوایەتی شۆڕشگێڕانە و هەم پێگەی دیموکراسی سیستمەکەیان توشی قەیران کرد. ئەوەی تاوەکو ئێستا سیستمەکەی هێشتۆتەوە ئەو بارە ئابوورییەیە کە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو وەکو بەدیلێک بۆ ڕەوایەتییەکە سەریهەڵدا (Wahab, 2023). لەهەرێمێکی بچووک کە سەروەری (السیادة) ناوخۆی قەوارەکە دابەش بێت و لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان هەر یەک لەپارتەکانی ئەم دوو ئیدارەیە بەشێوەیەک مامەڵە بکەن دژ بەیەکتر (وەیسی، ٢٠٢١: ٢٧٢)، ئیدی چۆن باسی ڕەوایەتیدان بە قەوارەکە بکرێت؟

### ٣-٢-٢- لاوازبوونی ئازادی ڕادەربڕین و دیمۆکراسی

بەگوێرەی توێژینەوە مەیدانیەکانی لەسەر ئازادی ڕادەربڕین و دیمۆکراسی لەهەرێمی کوردستان کراوە، دەردەکەوێت کە ئەم بەها دیمۆکراسیانە ساڵ دوای ساڵ لەپاشەکشێدانە. بەگوێرەی توێژینەوەیەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەناونیشانی ( Freedom of Expression in the Kurdistan Region of Iraq)، چەندین ئامرازی توندوتیژی چڕ بەرامبەر بە ڕەوایەتی ئازادی

ڕادەبڕین و دیموکراسی بەکاردێت لەهەرێم بۆ ئەو ڕەخنە و بۆچوونانەی لەسەر دەسەڵاتە گشتییەکان و بەرپرسان دەگیرێن. بەگوێرەی توێژینەوەکە، تەنانەت لەرووی یاساو ڕێساکانیش پارێزگاری لە ڕەوایەتی ئازادی ڕادەربڕین نەکراوە و خەڵک بەهۆیەوە لە خۆپێشاندانەکان و نارەزایەتییەکان توشی توندوتیژی و بوون ( United Nations Assistance Mission for Iraq, 2021: 7-14). بەهەمان شێوە، توێژینەوەیەکی تری مەیدانی کە زیاتر لە سێ هەزار کەس بەشداریان تێدا کردووە وەکو نموونەی توێژینەوە لەلایەن ڕێکخراوی PFP ئەمریکیی بەهاوکاری تیمێکی پسپۆر لەهەرێمی کوردستان، نیشانی دەدات کە زیاتر لەنیوەی بەشداربووان پێیان وایە ئازادی ڕادەربڕین لەدۆخی خراپدایە لەهەرێم و ڕازی نین لە پرۆسەکە. تەنها ١٤%ی بەشداربووان پێیان وایە بەتەواوی ئازادی ڕادەربڕین ماوە (ستاندەر، ٢٠٢٢: ٣).

**٣-٢-٣- کەمبوونەوەی بەشداری سیاسی**

هەندێک جار پێوانەکردنی ڕەوایەتی سیاسی بەشێوازێکی فێڵاوییە، ئەمەش کێشە بۆ ڕەوایەتی سیاسی دروست دەکات، چونکە سیستمەکە چەند ئاماژەیەک نیشان دەدات کە گوایە پشتگیری هەیە، وەک ئاستی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکان، پشتگیری چالاکانەیان بۆ کردەوەکانی حکومەت، یان فۆڕمی بەدیل بۆ پابەندبوون (وەک پێدانی باج یان نەبوونی نارەزایەتی) و چەندین ئاماژەی تری فێڵاوی (Severs & Mattelaer: 2014: 3)، بەڵام لەکاتی بەئاگاهاتنەوەی خەڵک لەم فرت و فێڵانە و دەرکەوتنی ڕوی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی سیاسی و تاکتیکەکانی بۆ مانەوە و بەردەوامی لەدەسەڵات، ئەمە دابەزینی ڕەوایەتی سیاسی زۆر بەخێرایی بەدوادادێت و سیستمەکە ڕوبەڕووی قەیرانی گەورە دەکاتەوە. بۆ نموونە تاوەکو هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢٤، بەگوێرەی داتاکانی خودی دەسەڵات خۆی، هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن بەشداری دەنگدەران کەمبۆتەوە (بڕوانە صادق، ٢٠٢١)، بەڵام لەدوایین هەڵبژاردن بۆ مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ قەیرانی کەمبوونەوەی بەشداری هاوڵاتیان، فێڵێکیان لە میتۆدی خستنەڕووی بەشداری ڕێژەی دەنگدەران کرد بەشێوەیەک کە دەزگا فەرمییەکان ڕایانگەیاند ٧٢%ی خەڵک بەشداری کردووە، کەچی دواتر بەپێی وردبوونەوەی ئێمە لە زانیارییەکان، دەرکەوت تەنها ٥٥% بەشداری کردووە، واتە کەمتر لەهەڵبژاردنی پێشوو، ئەمەش دوای چاوسوورکردنەوە و فشاری زۆر لەسەر ئەندامانی پارتەکانیان و چەندین ڕێگای فێڵاوی کە گوایە پارتەکە دواتر دەزانێت دەنگیان داوە یان نا، یان دەنگیان بەکێ داوە! ئەم فشارانەش لەبەرئەوە بوو کە لەهەڵبژادنی پێشتر (٢٠٢١) تەنها ٣٧%ی خەڵک چونە سەر سندوقی دەنگدان ( Rodgers, 2024)، بۆیە دوو ڕێگایان بەکارهێنا بۆ بەرزکردنەوەی ساختەی بەشداری جەماوەریی، یەکەم، کاندیدکردنی پارەدارەکانی ناو پارتەکە بۆ بەخشینی پارە بەدەنگدەر و لەهەمان کات فشاری زۆر لەسەر ئەندام و لایەنگرانیان بەرێگای جۆراوجۆر. دووەم، لەرێگای دەزگا فەرمییەکان و میدیاکانیانەوە وایان لەخەڵک گەیاند ڕێژەکە بەرزبووە، بەڵام با ئێمە بە بەڵگە ئەوە بخەینەڕوو کە ڕێژەکە چەند بووە بەگوێرەی ئەو داتایانەی لەناوەندە فەرمییەکان دەست کەوتوون. (٣٧٩٨٣٦٠) کەس مافی دەنگدانی هەبوو، بەڵام تەنها (٢٨٩٩٥٧٨) کەس چوون کارتی دەنگدانەکەیان وەربگرنەوە

و ئەوانەی تر کە نزیکەی یەک ملیۆن کەس دەکات، هەر لەبنەڕەتەوە نا ئومێدبوون و ڕەوایەتییان بە دەنگدانەکە نەدا و کارتەکانیان وەرنەگرتەوە تا بەشداری بکەن، کەچی دەسەڵات هاتووە ڕێژەی بەشدارییەکەی تەنها لەوەی دووەم دەرکردووە کە کارتەکانیان وەرگرتۆتەوە نەک ئەوەی چەند کەس سەرووی (١٨) ساڵەو مافی بەشداری دەنگدانی هەیە! لەوەش سەیرتر بۆیەکەمجارە دیاردەیەکی تری ڕەوایەتینەدان ببینین کەبەهۆی فشاری زۆرو ترس لەبژێوی و پێگەکانیان، ناچار زیاتر لە (٢٠٦٠٠٠ ) هەزار کەس چونە دەنگدانەکە، بەڵام دەنگەکانیان سوتاند بەئەنقەست. بەمەش بەکۆی گشتی (٢٠٨٧٩٧٢) کەس چوونە دەنگدانەکە (دروە میدیا-٣، ٢٠٢٤) کە ئەگەر دەنگی پوچەڵکراو دەربێنین دەکاتە (١٨٨٢٤٤٨) دەنگی دروست بۆ پارتەکان چووە و ئەگەر لە کۆی گشتی ڕێژەکەی یەکەمی دەربکەین کە مافی دەنگدانیان هەبووە دەکاتە تەنها ٤٩%، واتە زیاتر لەنیوەکەی تر یان ڕەوایەتییان نەداوە و کارتەکانیان وەرنەگرۆتەوە، یان نەچوونە هەڵبژاردن، یاخود چوون لەترسا، بەڵام دەنگەکانیان پوچەڵکردۆتەوە.




(سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر)

بەشێکی ئەوانەشی دەنگی دروستیان داوە وەکو باسمان کرد پارەو فشاری زۆریان لەسەر بووە. کەواتە کەمبوونەوەی خێرای بەشداری سیاسی لەهەر شەش هەڵبژاردنی رابردوو (بڕوانە چارتی ژمارە-١)، یەکێک لە سیگناڵە بەهێزەکانی کەمبوونەوەی ڕەوایەتی سیاسییە.

### ٣-٢-٤- دواخستنی هەڵبژاردنەکان و دەستاودەستنەکردنی دەسەڵات

نەهیچ هەڵبژاردنێک لەکاتی خۆی و نەهیچ دەستاودەستکردنێکی دەسەڵاتیش لەوادەی خۆی لەهەرێمی کوردستان ئەنجامنەدراوە! ئەمە هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن بەرەو خراپ دەڕوات و پرسیاری جدی لەسەر ڕەوایەتی سیاسی دروستکردووە. بۆ نموونە بۆ دوایین هەڵبژاردن، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چوار جار مەرسومی دەرکرد بۆ ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت. مەرسومی یەکەم لە٢٠٢٢/٢/٢٤ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ٢٠٢٢/١٠/١، مەرسومی دووەم لە ٢٠٢٣/٣/٢٦ بۆ هەڵبژاردن لە ٢٠٢٣/١١/١٨، مەرسومی سێیەم لە ٢٠٢٣/٨/٣ بۆ هەڵبژاردن لە

٢٠٢٤/٢/٢٥) (سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان١-٢-٣، ٢٠٢٢-٢٠٢٣) بەڵام بەهۆی ئەوەی پارتی و یەکێتی نەیانتوانی لەسەر یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن بگەنە ڕێککەوتن، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیار بوو لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ ئەنجام بدرێت، دواخرا و ماوەی پەرلەمانی کوردستانیان درێژکردەوە و پەرلەمانی کوردستانیش نەیتوانی پرۆژەیەکی نوێی یاسای هەڵبژاردنەکان دەربکات (Rodgers, 2023). دواتر بەهۆی ململانێی پارتە سیاسییەکانەوە کێشەیەکی تری گەورە بۆ ڕەوایەتی سیاسی لەهەرێم دروست بوو کە چونی دۆسیەکە بوو بۆ دادگای فیدراڵی لەعێراق، بەمەش هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا هەتا مەرسومی چوارەمیش دەرچوو لە ٢٠٢٤/٣/٣ بۆ هەلبژاردن لە ٢٠٢٤/١٠/٢٠ (سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-٤، ٢٠٢٤). ئەم دواخستنانە، ڕەوایەتی دیموٚکراسی بە دامەزراوەکان و دەستاوەدەستی دەسەڵاتی خستە مەترسییەوە (Rodgers, 2024) چونکە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن واتە نەبوونی ڕەوایەتی بۆ ئۆرگانەکانی حکومەت و پەرلەمان و نەبوونی نوێنەری ڕاستەقینە و ڕەوای گەل لەهەرێمی کوردستان (Rodgers, 2023).

بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لەو ماوەیەی ڕەوایەتی پێدراوە لەسەرکارماوەتەوە (Rodgers, 2024)، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان متمانەی پێدراوە، بەڵام تاوەکو نوسینی ئەم توێژنەوەیە (ئەپرێلی ٢٠٢٥) لەسەرکارماوەتەوە کە نزیکەی حەوت ساڵ دەکات (٢٠١٩-٢٠٢٥). ئەمەش پێچەوانەی یاسا و ڕێساکان و سنووری چوارساڵی ڕەوایەتیپێدانی سیاسی خەڵکە بۆ کاری هەر دەسەڵاتێک، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ بارێکی نائاسایی وەکو جەنگ یان کارەساتی سروشتی و هاوشێوەکان هەبێت، و سەرەڕای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی تر لەدواتر بە فشاری بەغدا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤)، بەڵام تاوەکو ئێستا (مەی ٢٠٢٥) دەستاوەدەستی دەسەڵات و گۆڕینی کابینەی حکومەت نەکراوە، ئەمەش خودی خۆی قەیرانی ڕەوایەتیپێدانی سیاسییە لەئاستی ناوخۆ و دەرەوە، چونکە لە ٢٠٢٤/٧/٢٧ باڵیۆزی یەکێتی ئەوروپا ڕاستەوخۆ لەکەناڵی ئاسمانی ڕووداو گوتی حکومەتی هەرێمی ئێستا هیچ ڕەوایەتییەکی دیموکراسی نیە! (Fatih, 2024)، کەچی ئەمە پێش هەڵبژارنەکان بوو، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانیش بە شەش مانگ هیچ دەستپێشخەری و ئەنجامێکی پێکهێنانی کابینەی حکومەتی نوێ نەبوو، تەنانەت پەرلەمانیش وەرزێکی دانیشتنەکانی بەبێ دەنگی و بەبێ کۆبوونەوە بەڕێکرد! وابڕیاریشە هەمان سەرکردەکان پۆستەکان بگرنەوە دەست! ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لەوادەی خۆی و دەستاوەدەستنەکردنی دەسەڵات لەکاتی خۆی و هاتنەوەی هەمان سەرکردەکان بۆ هەمان پۆستەکانی پێشوو قەیران لەسەر ڕەوایەتی سیاسی لەهەرێم دروست دەکات چونکە ئەمە بۆتە دیاردە و کولتووری سیاسی لەهەرێمەکە.

بەلای وینثرۆپ ڕۆدگێرزەوە هەرچەندە هەڵبژاردن پێویستە بۆ نوێکردنەوەی ڕەوایەتی بەدامەزراوەکان لەهەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو توێژەرە پرسیاری ئەوە دێنێتەکایەوە کەئایا چ پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازادانە و دادپەروەرانە دەبێت بەهۆی توانای گەورەی پارتە دەسەڵاتدارەکان بۆ ڕێگریکردن لە بەشداریکردن و کاریگەریکردن لەسەر ڕەفتاری دەنگدەران و دواتر کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانی حکومەت لەهەرێمەکە؟ دەڵێت هەڵبژاردنێکی لەو جۆرە چ جۆرە ڕەوایەتیەکی

ديموكراسی دەبەخشێت بە سیستمەکە؟یان ئایا ڕەوایەتی لە ڕاستیدا لە هەڵبژاردنەوە سەرچاوە دەگرێت لەهەرێمی کوردستان یان لەسەرچاوەی ترەوە؟ ڕۆدگێرز لەشیکاری بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، پێی وایە کە پارتە دەسەڵاتدارەکان لەدوای ١٩٩٢ەوە لەدامەزراوەی دەوڵەت بەهێزتربوون و ڕێگەیان بەدەستاوەدستی دەسەڵات بەهۆی هەڵبژاردنەوە نەداوە و تەنها بەهاوبەشی دەسەڵاتیان بەڕێوەبردووە. ئەو توێژەرە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ٢٠١٣ و هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ٢٠١٤ بەنموونەی قەیرانی ڕەوایەتدانی سیاسی دێنێتەوە کە سەرەڕای بردنەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی بەڵام سەرەتا یەکێتی نیشتمانی ئامادە نەبوو دەسەڵاتی پارێزگای رادەست بکات. بۆیە پێی وایە کە مۆنۆپۆڵی هەژموونی پارتەکان بەسەر دامەزراوەکان، پرۆسەی ڕەوایەتی سیاسی ئاڵۆز کردووە و وای دەبینێ کە هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان زیاتر شانۆیەکی سیاسییە نەک بەهایەکی راستەقینەی دیموکراسی (Rodgers, 2024).

### ٣-٢-٥- کزبوونی هەستی نەتەوایەتی و ئارەزووی سەربەخۆیی

بۆ یەکەمین جار لەمێژووی هەرێمی کوردستان گشتپرسیەکی فەرمی و بەچاودێری نێودەوڵەتی بەڕێوەچوو لەساڵی ٢٠١٧ سەبارەت بەسەربەخۆیی و جیابوونەوە لەعێراق، کە تیایدا (92.7%)ی هاوڵاتیانی هەرێم دەنگیان بەبەڵێدا بۆ مەبەستی سەربەخۆیی (Pichon, 2017: 5). بەڵام ئەمە زۆری نەخایەند و هەر ڕۆژی دوای گشتپرسییەکە، سەرۆکی ئەو کاتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی ڤیدۆیی بڵاوکردەوە و داوای لەبەغدا کرد کە دەرگای گفتوگۆ دانەخەن و هیچ ئاماژەیەکی بە لێکەوتەی گشتپرسی و ئامانجی گشتپرسیەکە نەدا! دواتر بەرپرسانی هەرێم دیسانەوە ڕوویان لەبەغدا کردەوەو بەشداری هەڵبژاردن و شەڕی وەرگرتنی پۆستەکانیان کرد و پرسی سەربەخۆییان بەتەواوی وەلانا (KNNC: 2018)! ئەمەش پرسیاری لەسەر ڕەوایەتی سیاسی دەسەڵات دروست کرد و خەڵکی لەبابەتی سەربەخۆیی توشی سەرسوڕمان کرد! مانگێک دوای گشتپرسییەکەش، ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕویدا کە نیوەی هەرێمی کوردستان لەدەست چوو بەهۆی پاشەکشەی خێرا و چۆڵکردنی سەنگەرەکان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە و هێرشی هاوبەشی هێزەکانی عێراق و پاسداران و بەبەشداری هەواڵگری تورکیا (Liga, 2017: 2). بەمەش خەڵکی هەرێم توشی ترس و دڵەڕاوکێ و نادڵنیایی بوون لەداهاتووی سیاسی.

لە دەرئەنجامی ئەم ڕووداوانەی سەرەوە و بەردەوامی قەیرانەکان بەهۆی ئەدای خراپی حوکمڕانێتی، بیروڕای خەڵک بەشێوەیەکی دراماتیکی و لەماوەیەکی کەمدا گۆڕانی زۆری بەسەرداهات بەشێوەیەک کە لەراپرسییەکی کۆمپانیای شیکار لەساڵی ٢٠٢٣، واتە تەنها شەش ساڵ دوای گشتپرسییەکە سەبارەت بەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە (بۆ ژیانی خۆت و خێزانەکەت و ئەوانەی وەک تۆن وان، گەڕانەوە بۆ سەر بەغدا باشترە یان مانەوە لە چوارچێوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان) تێیدا ٥٠,٧٪ی بەشداربووان لەگەڵ گەڕانەوەن بۆسەر بەغدا و هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێم بوون، بەشێوەیەک لە زۆنی زەرد ٤٢٪ لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمن و لە زۆنی سەوز ٦٤ %لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمن (درەو میدیا-١، ٢٠٢٣). هەر بەپێی

ڕاپرسیەکی دیکەی هەمان کۆمپانیا، 65% هاوڵاتیانی بەشداربووی ڕاپرسیەکە شانازی بە عێراقی بوونی خۆیانەوە دەکەن و تەنانەت بەپێی ڕاپرسیەکە لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە (٥٤٪) ی هاوڵاتیان ئامادەنین بەرگری لەخاك و نیشتمان بکەن (درەو میدیا-٢، ٢٠٢٣). لەدوو ساڵی ڕابردووی دوای ئەم ڕاپرسییەوە، بارودۆخەکە خراپتر بووە، باشتر نەبووە، بۆیە ئەم داتاو زانیارییانە پێمان دەڵێن کەهەستی نەتەوایەتی بەرەو لاوازبوون دەڕوات و خەڵک بەهۆی کەمبوونەوەی ڕەوایەتی سیاسی دەسەڵات و خراپی ئەدای دامەزراوەکان و بێ باکی سیاسەتوانانی دەسەڵاتدار و بەرپرس لە هەرێمی کوردستان ئارەزووی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی لاواز بووە.

### ٣-٢-٦- نیشانەکانی دروستبوونی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی

لێرەدا ئەگەر بەپێی پۆلێنبەندی دایانبنێین، دەتوانین بڵێین کە نیشانەی یەکەمی کەمبوونەوەی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی بریتییە لەکەمبوونەوەی بەشداری سیاسی کە ڕوحی دیموکراسییە. کاتێک بەشداری هەڵبژاردنە گشتییەکان لە هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن کەمبێتەوە (لە ٨٧% بۆ ٥٥%) و کاتێک هیچ هەڵبژاردنێکیش لەکاتی خۆی و هیچ کابینەیەک ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردن دروست نەبێ و ئەمە ببێتە کولتوورێکی سیاسی، کەواتە چۆن دەکرێت نکۆڵی لە بوونی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی لەهەرێمەکە بکرێت؟

بۆ نیشانەی دووەم دەتوانین ئاماژە بە نزمبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی متمانەی سیاسی بکەین لەهەرێمی کوردستان، چونکە بۆ پێوانی ڕەوایەتی سیاسی، گرنگترین میکانزم بریتییە لە زانینی پێوەری متمانە سیاسی. لەنێوان ساڵی ٢٠١٨-٢٠١٩ بەگوێرەی توێژنەوەیەکی دکتۆرا لەسەر ڕێژەی متمانەی سیاسی، حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی خاوەن ٣٤%ی متمانەی سیاسی بوون (صادق، ٢٠٢١: ٢٣٥-٢٣٧) بەڵام دوو ساڵ دواتر (٢٠٢١-٢٠٢٢) بەگوێرەی توێژینەوەی مەیدانی دەزگای بارۆمەتری عەرەبی، متمانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ دەزگاکانی حکومەت بۆ (٢٨%) دابەزیووە (الباروميتر العربی، ٢٠٢٢: ١٢).

کەواتە سیگناڵێکی تری بەهێزی قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی بریتییە لەقەیرانی ڕەوایەتیپێدان بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، چونکە خودی ڕەوایەتی سیاسی خەڵک سەرچاوە دەگرێت لە ئاستی چاوەڕوانی خەڵک لە دامەزراوەکە کە خزمەتی هاوڵاتیان بکات و هیچ پاساوێک نەهێنێتەوە بۆ نەهێنانەدی ئامانجەکەی کە دامەزراوەکەی لەسەر دامەزراوە، بۆیە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ئێستا قەیرانی ڕەوایەتی سیاسییان هەیە، چونکە دامەزراوەکان بونەتە ئامرازێک بۆ پارەدارکردن و خۆدەوڵەمەندکردنی سەرکردەکانی هەرێم لەجیاتی خزمەتکردنی هاوڵاتیان و جێبەجێکردنی ئەرکە سەرەکییەکانیان. نەبوونی ئیرادەیەکی جددی هەردوو هێزی سەرەکی هەرێمی کوردستان بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکان و یەکگرتنەوەی دامەزراوەکان (بەتایبەت هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان و داهاتەکان و پەیوەندی دەرەکی و ...هتد)ی سەربازی و ئابووری، سەرەڕای هەوڵی زۆری دەستووری و یاسایی و فشاری نێودەوڵەتی، قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی دروست کردووە (وەیسی، ٢٠٢١: ٢٧١-٢٧٢). ئەمە هەر تەنها قەیرانی ڕەوایەتی ناوخۆیی نیە، بەڵکو قەیرانی ڕەوایەتی

دەرەکیشی دروست کردووە.

بۆ نیشانەی چوارەم دەتوانین بڵێین کە بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی توندی خەڵک بەتایبەت گەنجان بەبەردەوامی لەدوای ساڵی ٢٠١١، لەلایەک و گوێپێنەدانی دەسەڵات بۆ داواکارییەکان لەلایەکی ترەوە یەکێک لەفاکتەرە سەرەکییەکانی فراوانبوونی بۆشایی خەڵک و دەسەڵات و بێ ئومێدی بوونی هاوڵاتیانە لەدەسەڵات. واتە بێزاری گەنجان بەڵگەی قەیرانێکی گەورەترە کە قەیرانی رەوایەتی سیاسییە (Palani, 2021: 4). لێرەدا نەبوونی هەلی کاری یەکسان، کێشەی بۆ رەوایەتی سیستمەکە دروست کردووە. زیاتر لە نیو ملیۆن گەنج لەدوای ساڵی ٢٠١١ەوە بونەتە دەرچووی زانکۆ و پەیمانگەکان و لەو ساڵەوە دامەزراندنی گشتی نەماوە لەلایەن حکومەتی هەرێم (بەدەگمەن نەبێت لە سێکتەرێک) و بەشێکی زۆری ئەم گەنجانە هەلی کاریان لە کەرتی تایبەتیش بۆ نەرەخساوە و ئەم کەڵەکەبوونی بێکارییەی گەنجان، تورەیی و بێ باوەڕی بەتوانای سیستمەکە زیاتر کردووە.

نیشانەی پێنجەمی قەیرانی رەوایەتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، بریتییە لە بابەتی لاوازبوونی زۆری چینی ناوەڕاست. بوون و بەهێزبوونی چینی ناوەڕاست یەکێک لە سیگناڵەکانی بوونی دیموکراسیەکی پێشکەوتووە لە سیستمی سیاسی (Nerman and Thor, 2021:1-25)، بەپێچەوانەوەش راستە، کە لاوازبوونی چینی ناوەڕاست هەر تەنها کێشە نیە بۆ لاوازبوونی دیموکراسی، بەڵکو سیگناڵێکی بەهێزی کزبوونی رەوایەتیپێدانی سیاسیشە بە سیستمەکە. لەهەرێمی کوردستان خەریکە چینی ناوەڕاست نامێنێ بەهۆی ئەدای خراپی سیستمەکە و ئەو قەیرانانەی لەسەرەوە باسمان کرد، بەڵکو کۆمەڵگەکە بەرەو دوو چینی دەڕوات (چینێکی هەژار و چینێکی دەوڵەمەند و سەرمایەدار). بەبڕوای هابرماس، قەیرانی رەوایەتی لەدژایەتی ناوخۆییەوە سەرهەڵدەدات لەناو کۆمەڵگە نەریتییەکان. هابرماس لە تێزەکەی دەڵێت ئەمە کاتێک دروست دەبێت کە چینێک ئیستغلالی یاسا و نۆرمەکان دەکات و یاسا و رێساکان بەکاردێنێ بۆ سامانی بەرهەمهێنراوی خۆی کە پێچەوانەی بونیادی پاساوەکەیە کە کیانە سیاسییەکەی لەسەر دروست بووە. ئەوەی لێرەدا رەوایەتی بەردەوامی پێدەدات ئەو ئایدۆلۆژییە کە سیستمەکە بۆ پارێزگاری ئەو نایەکسانییە پەرەی پێدەدات. لێکەوتەی ئەمەش جیاوازی چینایەتی دروست دەکات و قەیرانی رەوایەتی سیاسی دێتەکایەوە کە هەندێک جار دەبێتە هۆکاری رووخانی سیستمی سیاسی و بیرکردنەوە لە بنەمای نوێ رەوایەتیدان بە سیستم (Habermas, 1973: 20). سیستمی سیاسی هەرێم و دۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی بەرەو ئاراستەی سەلماندنی ئەم گریمانەی هابرماسە. لەبەرئەوەی هەرسێ گۆڕاوی ئابووری باش و حکومڕانێتی باش و رەوایەتی سیاسی بەرز، وابەستەییەکی توندیان هەیە و ئابووری بڕبڕەی پشتی رەوایەتی و متمانەی سیاسییە، خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری داهات و سەرچاوەکان و ئاستەنگییە ئابوورییەکانی کە بەهۆی کێشەی بودجە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق زیاتر بوون، بووەتە هۆی ئەوەی کە جیاوازی چینایەتی و ناڕەزایی هاووڵاتیان دروست بکات. بەهۆی بێکاری، نەبوونی ژێرخانی ئابووری و ناتەواوی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ناڕەزایەتییەکان زۆربەرزبوونەوەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بێزاری بەربڵاو لە دۆخی سیاسی ئێستا.

نیشانەی شەشەمی قەیرانی ڕەوایەتی لەهەرێمی کوردستان پەیوەستە بەنیشانەی سەرەوە و بریتییە لەئاراستەی ڕۆیشتنی سیستمەکە بەرەو بەناو سیستمی سەرمایەداری. وەکو لەبەڵگە ئاشکراکانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان نیشان دەدرێت، کەرتی ئابووری و بانک، تەندروستی، پەروەردە و کارەبا بەرەو کەرتی تایبەت و سیستمی سەرمایەداری دەڕوات. لەکاتێکدا، هابرماس پێی وایە کە تەواوی سیستمی سەرمایەداری پڕە لە دژایەتییە سروشتییەکان کە بەهۆی سروشتی ئەوەی کە سیستەمێکە بۆ پەرەپێدانی نایەکسانی داڕێژراوە نەک دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و دەسەڵات. لە دۆخێکی هەمیشەیی بەڕێوەبردنی قەیراندایە و تەنیا لەلایەن سیستمێکی لاوەکییەوە هاوسەنگی دەهێڵرێتەوە کە قەرەبووی کەموکورییەکانی سیستمەکە دەکاتەوە. بەم پێیە، ئەم فەیلەسوفە پێی وایە کە ڕەوایەتیدان لە کۆمەڵگاکان پشت دەبەستێ بە توانای دەوڵەت و ئامرازە کولتوورییەکان (لەوانەش میدیا) بۆ قەناعەتپێکردنی جەماوەر کە سیستمێکی دادپەروەرانەیە، عەقڵانییە و ڕەوایە!(Reyes, 2010: 148). ئەمە بەئاشکرا لەهەرێم هەستی پێدەکرێت بەشێوەیەک کە میدیاکانی دەسەڵات پڕوپاگەندە بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ کەرتی تایبەت دەکەن و هەوڵدەدەن باوەڕی بەخەڵک بێنن، کەچی ئەمانە کەرتی تایبەتی ڕەوانین و هیچ لایەنێکی سەربەخۆ ناتوانێت لەخستەڕووی ئازاد پرۆژەکان وەربگرێت و کۆمپانیا و سەرمایەدارانی پارتەکان مۆنۆپۆڵی پرۆژەکانیان کردووە و ئەمەش فاکتەرێکی لەدەستدانی ڕەوایەتی سیاسییە.

لە کۆتاییدا، جگە لەو هۆکار و نیشانانەی سەرەوە، فاکتەری تری وەکو بەرزی ڕێژەی گەندەڵی (Chomani, 2024: 68-87) و زیادبوونی ڕێژەکانی بێکاری و هەژاری، توندوتیژی سیاسی و چەندین فاکتەر و هۆکاری تر نیشانی دەدەن کە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان لەقەیراندایە. ئەمە هەندێک جار توێژەر بەمیتۆدی بەشداری بەتێبینکردن (Participant Observation) دەتوانێت درکی پێ بکات یا ئەو کاتەی کە شەپۆلی بەهێز و توڕەیی خەڵک لە میدیا و سۆشیال میدیا لە گوتار و نوسین و کۆمێنتەکان دەبینێ، ئەمەش زیاتر دوای هۆشیاربوونەوەی خەڵک لەوەی ڕێککەوتنی هەردوو پارتی دەسەڵات هەیە لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان کە بەرپرسیاری هەموو ئەو نیشانە و هۆکارانەی سەرەوەن بۆ قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی. وەکو هابرماس دەڵێ، لەچوارچێوەی ڕەوایەتیپێدانێکی ڕێکخراوی دەسەڵاتدا، ناکۆکی و دژایەتی بەرژەوەندییە جیاوازەکان بۆ کاتێکی نادیار یەکدەخرێن و کپ دەکرێن، ئەمەش لەرێگەی ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بۆ ڕەوایەتیپێدان. ئەمانەش لەرێگەی میدیا بەهۆی پارەوە هێزەوە دەکەن (Habermas, 1973: 19). ئەم قسانەی هابرماس دەڵێی بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کراوە کە لەسەرەتای دەستپێکردنی گواستنەوەی سیستمەکەیە بۆ سیستمێکی سەرمایەداری توند و قازانجخوازی مۆنۆپۆڵکراو.

### ٣-٣- سیناریۆکانی داهاتووی ڕەوایەتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان

#### ٣-٣-١- سیناریۆی یەکەم

بەردەوامی بارودۆخی سیاسی ئێستای هەرێم وەک خۆی: خەڵکی هەرێمی کوردستان لەماوەی دەیان ساڵی رابردوو جینۆساید، ئەنفال، دەربەدەری و زەبروزەنگی بەعسییەکان و حوکمڕانێتی

دکتاتۆری عەرەبی عێراقیان بینیوە و لەدوای پرۆسەی گۆڕینی رژێمی سەدام حسینیش، وەکو هاوڵاتییەکی عێراق خاوەن ماف مامەڵەیان لەگەڵدا نەکراوە و بەردەوام رووبەڕووی فکری شۆڤینی و رەگەزپەرستی هاتوون، بۆیە سەرەڕای قەیرانی رەوایەتی سیاسی و رەخنە و بەگژداچوونەوەی توندی سیستمی سیاسی ئێستای هەرێم، رازی دەبن بەبەردەوامبوونی حوکمڕانێتیەکە لەبەر چەند فاکتێک، وەک نەبوونی ئەلتەرناتیڤی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە و چەقبەستوویی و دەرفەت نەدان بە گۆڕانی ریشەیی و بەشیی، نەبوونی بەرەیەکی جەماوەریی بەهێز و شکستی ئۆپۆزسیۆن لەماوەی رابردوو، نەبوونی پاڵپشتی دەرەکی بۆ گۆڕانی سیستمەکەو بەپێچەوانەوە پاڵپشتی پارتە دەسەڵاتدارەکان لەلایەن وڵاتانی هەرێمیی و نێودەوڵەتی، ئەمانە وادەکات ئەو سیستمەی ئێستا بەزیادبوونی قەیرانەکانەوەش بەردەوام بێت لەبەر نەبوونی بەدیل.

**٣-٣-٢- سیناریۆی دووەم**

گواستنەوەی سیستمەکە بەرەو مۆدێلی سیاسی وڵاتی ئیمارات (میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو): لێرەدا بەروونی هەست بەبوونی ژانێک لەناو جەستەی سیستمی سیاسی هەرێم دەکرێت و ئەمەش سیستمێکی سیاسی نوێی لێ لەدایک دەبێت. فاکتەری سیناریۆیی سەرەوە رێگە خۆش دەکات بۆ دەوڵەمەندبوونی لەرادەبەدەری چەند کەسایەتیەکی سیاسی و ئەمانەش مۆنۆپۆڵکردن و خۆبەخاوەندکردنی شوێنێک وەکو دیفاکتۆ رادەگیەنن و لەولاشەوە فاکتەرەکانی نەبوونی جۆرێکی دیاریکراوی سیستمی سیاسی و دەستوور و سەقامگیری سیاسی لەلایەک و دابەزینی خێرای رەوایەتی سیاسی بەهۆی گەندەڵی و نادادپەروەری و خراپی حوکمڕانێتی لەلایەکی ترەوە، وادەکات کە بیر لە جۆرێکی تری سیستمی سیاسی بکرێتەوە. بۆ ئەمەش بەهۆی جوڵە زۆرەکان و نزیکی زۆری سیاسەتوانانی هەرێم لە ئیمارات و تێکەڵاوی بازرگانی بەهێز (لەساڵی ٢٠٢٤ زیاترلەنیوەی هاوردەی هەموو عێراق لە ئیماراتەوە بووە (درەومیدیا-٤، ٢٠٢٥)، هەست دەکرێت کە هەوڵی گۆڕینی هێواشی سیستمەکە بەرەو ئەو سیستمە سیاسییە بدەن. دواتر ژینگەی هەرێمی کوردستان و جوگرافیا و ناوچەکانی دابەشبوونی هەژموونی سیاسی سەرکردەکانیش لەناو هەرێم بەرەو دروستکردنی ژینگەیەکی لەبارە بۆ ئەم ئامانجە، بەشێوەیەک کە هەرێم جگە لە چوار پارێزگاکە، چەند ناوچەیەکی کارگێری سەربەخۆی خۆی هەیە کە ئەمانە هەریەکەو لەلایەن کەسایەتییەکی سیاسی بەهێز ئیدارە دەدرێن و دەشێ لەداهاتوو ئەمانە وەکو شیخی ئەو ئیماراتە بناسێنرێن و حوکمڕانێتی تێدا بکەن.

**٣-٣-٣- سیناریۆی سێیەم**

شۆڕشی ناوخۆیی و گۆڕینی دەسەڵاتی ئێستا بە دەستوەردانی نێودەوڵەتی: بەئەرگیومێنتی ئەزموونی سێ دەیەی رابردوومان بۆ سیاسەت لەهەرێمی کوردستان و ژینگەی سیاسی گۆڕانی سەرکردەکان و سیستمەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (کەزۆربەیان بەشۆڕش و زەبروزەنگ رۆیشتوون)و ئەو دۆخە سیاسییەی جیهان لەکاتی ئێستادا، پێمان وایە کە دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە دەستبەرداری دەسەڵات نابن هەرچەندی سیستمەکە لەقەیرانی رەوایەتیدابێت و بەردەوام دەبن

لەسەر هەمان سیاسەت هەتا ئەوکاتەی هاوسەنگی هێز لەجیهان و ناوچەکە دەگۆڕێت. ئەوکات قەیرانی ڕەوایەتی دەگاتە لوتکە و خەڵک بیر لە دەرفەتێک و هەلێک و گۆڕانکارییەکی جیهانی و ناوچەیی دەکەنەوە و دەسەڵاتدارانی ئێستای هەرێم ناچار دەکەن کە دەسەڵات جێبهێڵن و سیستمەکە دەگۆڕێت وەکو سیستمی سیاسی عێراق. لەم چوارچێوەیەدا ڕۆدیگێرز دەڵێت ئەگەر گۆڕینی سیستمی سیاسی عێراق وڵاتانی ڕۆژئاوایی فێرکرد، کە پێویستە ڕۆژئاوا لەگەڵ ناوچەکەدا بەرژەوەندی گەلەکەی بەرجەستە بکات نەک بەرژەوەندی سەرکردە سیاسییەکانی، ئەوا بەهەمان شێوە هەرێمی کوردستان هەوڵی بەدەستهێنانی دیموکراسی، یەکگرتوویی و مافی چارەنووسی نەتەوەیی دەدات، بەڵام لەم سێ دەیەی ڕابردوو ڕۆژئاوا بۆ یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نەبووە لەبەدیهێنانی ئەم ئامانجە، لە کاتێکدا هەرێمەکە ڕووبەڕووی قەیرانی ڕەوایەتی دیموکراسی بووەتەوە، ڕۆژئاوا دەبێ لە ڕێگەی پاڵپشتیی سەربازی و سیاسیی لێپرسینەوە لە سەرکردە کوردەکان بکات لەبابەتی گەندەڵی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و ...هتد (Rodgers, 2023).

بەگشتی یەکێک لە گاپە گەورەکانی توێژینەوەی بواری ڕەوایەتی و بەشداری سیاسی و متمانەی سیاسی ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا ڕێژەیەکی سەدی دیاری نەکراوە بۆ ئەوەی بگوترێت کە لەخوار ئەو ڕێژەیەوە ئیتر دەسەڵاتەکە یان هەڵبژاردنەکە ڕەوایەتی نیە! بۆیە لەداهاتوو دەبێت ئەم کارە بەدی بێت. لێرەدا دەمانەوێت بڵێین کە ئایا کەمبوونەوەی بەردەوامی متمانە و بەشداری سیاسی کاریگەری و لێکەوتەی لەسەر ڕەوایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان چی دەبێت؟ تەنها بۆ بەرچاوڕوونی و وەکو توێژەری ئەو بوارە، ئەگەر سەرنج بدەینە چەند وڵاتێک وەکو نموونە تونس لەسەردەمی بەهاری عەرەبی، وابەستەییەک لەنێوان شۆڕش و کەمبوونەوەی متمانە و بەشداری سیاسی دەبینین، چونکە بەگوێرەی سەرچاوەکانی ڕێژەی متمانە لە تونس، متمانەی سیاسی لەدوایین جار پێش شۆڕشی بەهاری عەرەبی زۆر خراپ بوو بۆیە شۆڕش بەرپا بوو، بەڵام دیسانەوە دوای بەهاری عەرەبی کە متمانەی سیاسی گەیشتەوە ٢٠% (Kayyali, 2020)، بارودۆخی سیاسی شڵەژاو لەساڵی ٢٠١٨ قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی بەرزبووەوە و متمانەی سیاسی دابەزی و بەشداری سیاسی هەڵبژاردنەکانیش لە ٦٨% بەخێرایی دابەزی بۆ ٣٣% (Sghaier, Skandrani and Robson, 2021: 8)! متمانەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان بەر لە چوار ساڵ هاتە خوار ٢٨% (الباروميتر العربي، ٢٠٢٢: ١٢) و بەردەوامیشە لەدابەزین لەوماوەیە تاوەکو ئێستا. پرسیار ئەوەیە، ئایا کەمبوونەوەی بەردەوام و خێرای متمانە و بەشداری و ڕەوایەتی سیاسی لەهەرێم، شۆڕش دەخوڵقێنێت؟ ئەمەش پێویستی بەتوێژینەوەی وورد هەیە.

## ٤- دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

### ٤-١- دەرئەنجامەکان

بەپێوەرەکانی هابرماس و توێژەرانی تری بواری رەوایەتی سیاسی، سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی قەیرانی رەوایەتی سیاسی بۆتەوە بەچەندین ئەرگیومێنتی جیاجیا کە توێژینەوەکە لەسەرەوە نیشانی داون. ئەمانە بێهوابوونی هاولاتیانی زۆر بەرزکردۆتەوە لەچاکسازی و گۆڕانکاری بۆ رێزگرتن لەبەها دیموکراسییەکان و دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەلات و هێنانەکایەوەی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری لەکۆمەڵگە.

جگە لەوەی رەوایەتی شۆڕگێڕی نەگوازراوەتەوە بۆ رەوایەتی یاسایی و دەستووریی، خەڵک بەها بە رەوایەتی شۆڕگێڕیش نادات و چیتر وەکو سەرچاوەیی رەوای حوکمڕانێتی سەیری ناکات لەبەر کاڵبوونەوەی زۆری بەهاکە بەهۆی بەکاربردنی دەزگا فەرمییەکان بۆ بەرژەوەندی کەسی و بنەماڵەیی و لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانیی هاولاتیانی هەرێمی کوردستان. جگە لەمەش، دوو زۆنی بەڕێوەبردنی دژ بەیەکتر لەناو یەک سیستم، چەقبەستوویی سیاسی و مانەوەی هەمان کەسایەتییەکان لەپۆستەکانی دەسەلات، هەڕەشەیە لەسەر قەیرانی رەوایەتی سیاسی سیستمەکە و دامەزراوەکان.

بەشداری سیاسی هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن لەکەمبوونەوەیە و گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار کە خەڵکی زۆر بێ هیواکردووە لەوەی هەڵبژاردن بتوانێت بەشداری سیاسی راستەقینە دروست بکات یان دەسەلات بگۆڕێت. دەسەلاتداران چەندین میکانزمی فەرمی بۆ رازیکردنی دەنگدەر بەکاردێنن وەکو پێدانی زەوی و پارە و چەندان بەرژەوەندی تایبەتی تر، یان بەکارهێنانی فرت و فێڵ و چاوسوورکردنەوە و ترس و تۆقاندن بۆ پێدانی دەنگ بە پارتەکان، بۆیە هەڵبژاردن لەئێستادا ناتوانێت وەکو بەهایەکی بەهێزی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان سەیر بکرێت و بەمەش ئەم لۆژیکە چەسپێنرا کە چیتر هەڵبژاردن ناتوانێت نەخشەی سیاسی هەرێمی کوردستان بگۆڕێت. بۆیە بەپێوەرەکانی زانستی، خەڵک متمانەی سیاسی زۆر لاواز بووە و هیوای بە توانا و ئامانجی دامەزراوکان کزبووە. سەرەڕای زیادبوونی ئەم بۆشاییە، سیستمەکە بۆ ئاشتەوایی خەڵک و دەسەلات کاری ئەوتۆی نەکردووە. لەگەڵ ئەمانەشدا، رای ئازاد و دابینکردنی ئاسایشی کۆمەلایەتی و ئاسایشی گشتی بێ لایەن و نیشتمانی لەقەیراندایە و ئەمانەش بەردەوام خەڵک بێ هیواتر دەکەن.

ساڵ بەساڵ ئابووری خەڵک بەرەو خراپتر دەڕوات بەهۆی زۆربوونی خەرجییەکان بەهەردوو هۆکاری باج و سەرانەی نایاسایی زیاتر و گرانبوونی شتومەک. لەبەرامبەریشدا کەمی هەلی کار و کێشەی موچە لەلایەک و قۆرخکاری ئابووری لەلایەکی تر باری ئابووری خەڵکی قورس کردووە و چینی ناوەڕاستی زۆر لاواز کردووە. هەر سیستمێکی سیاسی نەتوانێ ئاسایش و خۆشگوزەرانی بێنێتەکایەوە، رەوایەتی سیاسی لاواز دەبێت.

رەوایەتی سیاسی ناوخۆیی، وەکو مەرجێکی سەرەکی دەوڵەت و کیانی دیفاکتۆیی بۆ هەرێمی کوردستان دادەنرێت. پێشتر تەنها نارەزایەتی لەئاستی ناوخۆ بەرامبەر بە نارەوایەتی سیاسی هەبوو، بەڵام ئێستا لەئاستی دەرەوەش بەردەوام نارەزایەتی وڵاتان و رێکخراوەکان بەرامبەر سیاسەتی هەرێمی

کوردستان هەیە و ئەمەش کێشە بۆ کیانە سیاسییەکە دروست دەکات، چونکە ئامانجی سەرەتای پشتگیری ڕۆژئاوا بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و دواتر دروستکردنی کیانی ئازاد و خۆشگوزەران و دیمۆکراسی بووە نەک ئەو دۆخەی ئێستا کە پارتە سیاسییەکان دروستیان کردووە.

**٤-٢- پێشنیارەکان**

١- پەیمانێکی ئاشتەوایی گشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ ببەسترێت.

٢- توێژەری زانستی و ناوەندەکانی بیر لەچارەسەری بەرزکردنەوەی بەشداری و متمانە و ڕەوایەتی سیاسی بەشداریان پێ بکرێت.

٣- داتا و زانیارییەکانی سەرژمێری گشتی عێراق ببنە بنەمای پلانێکی زانستی وورد بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاسایش و خۆشگوزەرانی خەڵک بەدوور لە بەرژەوەندی پارت و سەرکردەیەکی سیاسی دیاریکراو.

٤- سەربەخۆیی دامەزراوەیی حەقیقی بەدی بێت.

# لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوەی کوردی:**


هەژار. (١٩٩٠). هەمبانە بۆرینە: فەرهەنگی کوردی فارسی. تهران.

صادق، بارزان جوهر. (٢٠٢١). متمانەی سیاسی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان. تهران: چاپخانەی جەنگەڵ.

فۆکۆیاما، فرانسیس. (٢٠١٦). رەگوڕیشەی سیستمی سیاسی: لەسەردەمە پێش مرۆییەکانەوە تا شۆرشی فەرەنسا. سلێمانی: دەزگای دوارۆژ.

وەیسی، د. عوسمان علی (٢٠٢١). الاطار الدستوري والقانوني لمأسسة برلمان إقليم كوردستان. کۆنفرانسی زانستی ژ. ٩، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان١-٢-٣-٤. (٢٠٢٢). سەرۆك نێچیرڤان بارزانی رۆژی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان دیاری دەکات. ماڵپەری فەرمی. لەم بەستەرە: https://presidency.gov.krd/president-nechirvan-barzani-sets-the-date-for-the-elections-for-the-sixth-session-of-kurdistan-parliament/ (سەردانی: ٢١ی مارچی ٢٠٢٥).

درەو میدیا-١. (٢٠٢٣). راپرسیەك لەسەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی. لەم بەستەرە: http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11985 (سەردانی: ١٧ی مارچی ٢٠٢٥).

درەو میدیا- ٢. (٢٠٢٣). راپرسی کۆمپانیای شیکار بۆ توێژنەوە و راپرسی. لەم بەستەرە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12462 (سەردانی: ١٧ی مارچی ٢٠٢٥).

درەو میدیا-٣. (٢٠٢٤). گرافیك: هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان. لەم بەستەرە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=15851(سەردانی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٥).

درەو میدیا- ٤. (٢٠٢٥). بەهای شمەک و کاڵای هاوردەکراو بۆ عێراق لەساڵی ٢٠٢٤. لەم بەستەرە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16637(سەردانی: ٢٦ی مارچی ٢٠٢٥).

ستاندەر. (٢٠٢٢). ئازادی لە پاشەکشەدایە؛ ئەنجامی راپرسیەك لەبارەی دۆخی ئازادی و باری سیاسی و ئەمنی لەهەرێمی کوردستان. لەم بەستەرە: https://drive.google.com/file/d/1NDB7JeAcVSEvXzSEAd4GzwN0hgNBKlS6/view (سەردانی: ١٧ی مارچی ٢٠٢٥).

KNNC. (٢٠١٨). نەشئەی پلەو پۆست وتەکانی خۆی لە بیری بارزانی دەباتەوە.لەم بەستەرە: https://www.youtube.com/watch?v=4XrTWtOSVPY (سەردانی: ٢٢ی مارچی ٢٠٢٥).


**سەرچاوەی عەرەبی:**


تجينى، العرابى. (٢٠١٦). ازمة الشرعية في النظم السياسية العربية: دراسة تحليلية للتجربة التونسية بعد ٢٠١١. جامعة الشهيد حمه لخضر الوادي، كلية الحقوق و العلوم السياسية.

الباروميتر العربى. (٢٠٢٢). العراق: تقرير استطلاعات الرأي العام. لەم بەستەرە: https://www.arabbarometer.org/wp-content/uploads/ABVII_Iraq_Country_Report-

AR.pdf (سەردانی: ١٧ی مارچی ٢٠٢٥).
بوجواري، فائز محمد موسي. (٢٠١٩). أزمة الشرعية و مشروع النهضة العربية فى الأنظمة السياسية العربية. جامعة بنغازي-ليبيا، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية.
مرزوقی، د. ليندا. (٢٠٢٢). الشرعية السياسية. موسوعة ستانفورد للفلسفة. مركز البيان للدراسات والتخطيط. https://www.bayancenter.org/wp-content/uploads/2022/02/83uh3.pdf (سەردانی: ١٧ی مارچی ٢٠٢٥).
والي، د. خميس حزام . (٢٠٠٣). اشكالية الشرعية في الانظمة السياسية العربية. مركز دراسات الوحدة العربية. سلسلة أطروحات الدكتوراه (٤٤).
ممدوع، منار. (٢٠٢١). مفهوم الشرعية. الموسوعة السياسية. لەم بەستەرە: https://political-encyclopedia.org/dictionary/%D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85%20%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%B1%D8%B9%D9%8A%D8%A9 (سەردانی ١٢ی فێبروەری ٢٠٢١).

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

Aragón, J. (2008). Political Legitimacy and Democracy. Dalam Encyclopedia of U.S. Campaigns, Elections, and Electoral Behavior, oleh Kenneth F. Warren. London: Sage Publications.

Habermas, J. (1973). Legitimations Crisis. *Billing and Sons Ltd*, Worcester.

Pye, L. (1971). Crises and Sequences in Political Development. In: Binder, L., and Palombara, J. ed., Crises and Sequences in Political Development. *Princeton University Press*.

Reyes, G. (2010). Theoretical Basis of Crisis of Legitimacy and Implications for Less Developed Countries: Guatemala as a Case of Study. Revista Tendencias, Vol xl (1). At: https://www.researchgate.net/publication/265616653_THEORETICAL_BASIS_OF_CRISIS_OF_LEGITIMACY_AND_IMPLICATIONS_FOR_LESS_DEVELOPED_COUNTRIES_GUATEMALA_AS_A_CASE_OF_STUDY#fullTextFileContent(Accessed 13th February 2021).

Severs, E., Mattelaer, A. (2014). A Crisis of Democratic Legitimacy? It's about Legitimation, Stupid! European Policy Brief. No. 21. At: https://aei.pitt.edu/63549/1/EPB21-def.pdf (Accessed 13th February 2021).

Acemoglu, D., and Robinson J. (2001). A Theory of Political Transitions. *The American Economic Review*, Vol. 91, No. 4. Pp. 938-963. Available at: http://www.jstor.org/stable/2677820 (Accessed 13th February 2021).

Arif, B, and Mokhtar, T. (2022). The Kurdish Civil War (1994–1998) and its Consequences for the Governing System in the Kurdistan Region of Iraq. *Asian Affairs*, Vol 53 (2). Available at: https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/03068374.2022.2074725 (Accessed 15th March 2025).

Chomani, K. (2024). Corruption and Kurdish Nationalism: A Case Study of the Kurdistan Region of Iraq. *Polish Journal of Political Science*. Vol 10 (2). Available at: https://www.researchgate.net/publication/387343350_Corruption_and_Kurdish_Nationalism_A_Case_Study_of_the_Kurdistan_Region_of_Iraq#fullTextFileContent (Accessed 23rd March 2025).

Aziz, S., and Cottey, A., (2021). The Iraqi Kurdish Peshmerga: military reform and nation-building in a divided polity. *Defence Studies*. Vol 21 (2). Available at: https://www.tandfonline.com/doi/pdf/10.1080/14702436.2021.1888644 (Accessed 15th March 2025).

Aziz, S., and Veen, E. (2023). The crisis of representation in the Kurdistan Region of Iraq. *Netherlands Institute of International Relations*. Available at: https://www.clingendael.org/sites/default/files/2023-04/Crisis_of_representation_final.pdf (Accessed 17th March 2025).

Stanford Encyclopedia of Philosophy (2017). Political Legitimacy. Available at: https://plato.stanford.edu/entries/legitimacy/ (Accessed 13th February 2021).

Friedman, J. (2017). The Legitimacy Crisis. Washington, D.C : Niskanen Center. At: https://www.niskanencenter.org/the-legitimacy-crisis/ (Accessed 13th February 2021).

Cardini, D. (2019). Power, Authority and Legitimacy. University of Calcutta. At: https://www.studocu.com/in/document/university-of-calcutta/calcutta-university/unit-15-notes-for-political-science-student/31535163 (Accessed 13th February 2021).

Sghaier, M., Skandrani, H. and Robson, J (2021) Repairing political trust in Tunisia. *Qualitative Market Research*: *An International Journal*. Available at: https://eprints.bournemouth.ac.uk/34984/1/QMR.%20Repairing%20political%20trust%20in%20Tunisia%20.pdf (Accessed 21st March 2025).

Liga, A. (2017). The “Israel Factor” and the Iraqi-Kurdish Quest for Independence. *Istituto Affari Internazionali* (IAI). Available at: https://www.iai.it/sites/default/files/iaicom1720.pdf (Accessed 22nd March 2025).

Nerman, A., and Thor, C. (2021). The middle class and its importance for democracy: A European study of the middle class, decreasing democracy and rising extremism surrounding the financial crisis of 2008-10. *Lund University*. Available at: https://lup.lub.lu.se/luur/download?func=downloadFile&recordOId=9033596&fileOId=9033602 (Accessed 22nd March 2025).

Kayyali, A. (2020). The Arab World's Trust in Government and the Perils of Generalization. Arab Barometer. Available at: https://www.arabbarometer.org/2020/06/the-arab-worlds-trust-in-government-and-the-perils-of-generalization/?utm_source=chatgpt.com (Accessed 26th March 2025).

Palani, K. (2021). Youthful anger and the crisis of legitimacy in Iraqi Kurdistan. *Alsharq Strategic Research*. Available at: https://www.researchgate.net/publication/355049184 (Accessed 14th March 2025).

United Nations Assistance Mission for Iraq (2021). Freedom of Expression in the Kurdistan Region of Iraq. Available at: https://www.ohchr.org/sites/default/files/Documents/Countries/IQ/Freedom-of-Expression-in-the-Kurdistan-Region_En.pdf (Accessed 17th March 2025).

Wahab, B. (2023). The Rise and Fall of Kurdish Power in Iraq. The Washington Institute. Available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/rise-and-fall-kurdish-power-iraq (Accessed 14th March 2025).

Rodgers, W. (2023). Iraqi Kurdistan's House of Cards Is Collapsing. *Foreign Policy*. Available at: https://foreignpolicy.com/2023/03/22/iraq-kurdistan-region-democracy-war-invasion-united-states/ (Accessed 22nd March 2025).

Rodgers, W. (2024). Kurdistan: The Pressing Need for Free and Fair Regional Elections. The Royal United Services Institute (RUSI). Available at: https://rusi.org/explore-our-research/publications/commentary/kurdistan-pressing-need-free-and-fair-regional-elections (Accessed 15th March 2025).

Pichon, E. (2017). Iraqi Kurdistan's independence referendum. *European Parliamentary Research Service*. Available at: https://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/BRIE/2017/608752/EPRS_BRI(2017)608752_EN.pdf (Accessed 22nd March 2025).

Fatih, N. (2024). Current KRG has no democratic legitimacy: EU ambassador. *Rudaw*. Available at: https://www.rudaw.net/english/interview/27072024 (Accessed 17th March 2025).